# هەولێر

www.hawlerweb.net facebook: hewler news - ڕۆژنامەی هەولێر

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیـە • تیراژ: ٢٦هەزار دانە • ژمارە (٣٨٠٧) سێشەممە ٢١ـی شوباتی ٢٠٢٣ "١٦" لاپەڕە


## پێگەی هەرێمی کوردستان لای ڤاتیکان و ئیتالیا لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە

2



# سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکات

## لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبنەوە

3

## ڕێکخراوێکی بەریتانی هەوڵی بەجینۆساید ناساندنی پرسی ئێزدییەکان لە پەرلەمانی بەریتانیا دەدات

3



### زیاتر لە ٣٣ ساڵە سەرژمێریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراق نەکراوە

## بەپێی ئامادەکارییەکان ڕەنگە کۆتایی ساڵی داهاتوو سەرژمێریی گشتی بکرێت

5

## بەنداوی خنس کە توانای گلدانەوەی حەوت ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە بەگەڕ دەخرێت

### تێچووی بەنداوەکە لە نۆ ملیار دینار زیاترە

3

## دوو ئەستێرەی ڕیاڵ مەدرید بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ بەشداری ناکەن

9

## پێگەی هەرێمی کوردستان لای ڤاتیکان و ئیتاليا لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە

### بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا:

# هەرێمی کوردستان بەدەر لەوەی بۆ ئیتالیا گرنگییەکی ژئۆپۆلیتیکی هەیە، لای ڤاتیکانیش پێگەی خۆی هەیە

**لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا، ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەشەکێتەوە، ئەو وڵاتەی کە سەرۆکوەزیرانەکەی هەر ماوەیەک بەر لە ئێستا لە هەولێری پایتەخت بوو.**



ڕێزان حەمەساڵح قادر، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا کە باش ئیتالییەکان دەناسێت و چەندین ساڵە لەو پۆستەدا کار لەسەر فراوانترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئیتالیا دەکات، باسی ڕۆڵی مێژوویی و پەیوەندی ئیتالیا و هەرێمی کوردستانی کرد.

ئەم نوێنەرەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا گوتی: "لە ڕووی مێژووییەوە وڵاتی ئیتالیا زۆر نزیکە لە کوردەوە، بۆیە ئەوەی هەیە لە سەرەتاوە مێژووییەکی پیشتری هەبووە دۆستایەتییەکە ئەوەش لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە توندتۆڵتر کرا. ئیتالیا بەشدار بووە لە دروستکردنی "فلای زۆن ـ ناوچەی سەیف" بۆ کورد لە کاتی شەڕی سەدام و یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی کە پێدا گربووە لەسەر ئەوە، لە هەموو قۆناغەکان و ناخۆشییەکانی میللەتی کورد پێگەی خۆی هەبووە و بە هیچ شێوەیەک خراپەی بۆ گەلی کورد نەبووە".

هەرێمی کوردستان بەدەر لەوەی کە بۆ ئیتالیا گرنگییەکی ژئۆپۆلیتیکی هەیە، بۆ ڤاتیکانیش وەک قیبلەی ئایینی مەسیحییەکانی دونیا گرنگە و چاوپێکەوتنە بەردەوامەکانی بەرپرسانی هەرێم لەگەڵ پاپا، نیشانەدەری گرنگی پێگەی کوردستانە بۆ ڤاتیکان و دونیا.

بۆیە ڕێزان حەمەساڵح قادر لەم بارەوە گوتی: "ڤاتیکان هەروەک دەزانرێت گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەتە و کۆمارێکی سەربەخۆی هەیە. کە دەڵەی ڤاتیکان بەهێزترین دەوڵەتە، چونکە هەرچی مەسیحی هەیە گوێ لەو دەگرن و ئیتالیاش خۆی خاوەنی گەورەترین هێزی سەربازییە لە هەموو جیهان. بۆیە بۆ کورد گرنگە کە دەوڵەتێکی وەها ڕازی بێت بە بوونی نوێنەری. ئەمەش پەیوەستە بە باکگراوەندی کوردەوە کە ڕۆڵێکی جوانی هەبووە لەگەڵ برا کریستیانەکان و زۆر یارمەتی دەربووە و ئەوەش بەڵگەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە لە نێوانمان."

سەردانەکەی جۆرجیا مێلۆنی، سەرۆکوەزیرانی ئیتالیایە کە سێیەمین سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتەیە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ خودی ئیتالییەکان گرنگییەکی گەورەی سیاسی و ئابووری هەبوو و ڕەنگدانەوەی گەورەی لە نێو میدیاکانی ئەو وڵاتە هەبوو. لەم بارەوە ڕێزان حەمەساڵح قادر نوێنەری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا، گوتی: "سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا، یەکەم سەفەری بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان بوو، بۆچی هەر لە بەغدا نەگەڕایەوە و چووە هەرێمی کوردستان؟ لەبەر ئەوەی کوردستان پێگەی تایبەتی خۆی هەیە هەر لەبەر ئەمەش کاردانەوەی ڕاگەیاندنی ئیتالیا زۆر بوو، هەرچەندە کاتەکەی سەری ساڵ بوو، بەڵام هەموو بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و بڵاوکراوەکان باسی سەردانی سەرۆکوەزیران بوو بۆ کوردستان و پرسیار بوو لەسەر ئەوەی لەبەرچی چووەتە کوردستان. ئەمەش لەبەر ئەو پێگەیە بوو کە کوردستان هەیەتی و باوەشی کردووەتەوە بۆ کریستیانەکان و زەمینەی فراوانە بۆ ئەوەی بتوانین ئاڵوگۆڕی بازرگانیی فراوان بکەین لە گەڵیان و لە دیپلۆماسیەتی ئیمەش کارێکی وای کرد سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا زۆر بە دڵخۆشییەوە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی."

# لە عێراق کۆشکێک دۆزرایەوە تەمەنەکەی ٤٥٠٠ ساڵە

**شوێنەوارناسانی بەریتانی و ئەمەریکی دوای گەڕان و پشکنین، توانیان کۆشکێکی پاشایەتی و پەرستگەیەک بدۆزنەوە کە تەمەنی ٤٥٠٠ ساڵە و بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە.**



ئەو پرۆژەیە کە شوێنەوارناسەکان کاری تێدا دەکەن، بە پرۆژەی گیرسو ناسراوە و لە میانەی گەڕان بە دوای شوێنەوار لە سنووری پارێزگەی زیقار، ئەو کۆشکەیان دۆزییەوە.

دکتۆر سباستیان ڕی، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە گوتوویەتی: ئەوەی دۆزیوەتیانەوە دەستکەوتێکی گەورەیە و بە کلیلی سندووقی ئەو زانیارییانە دادەنرێت کە مرۆڤ لەبارەی شارستانییەتەکان بەدوایدا دەگەڕێت.

کۆشکی پاشاکان و شاری مێژوویی و سۆمەریی گیرسو، کەوتووەتە باشووری جوگرافیای ئێستای عێراق. ئەوکات هەموو ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی سۆمەرییەکاندا بووە و شوێنەوارناسان پێشتر لە شاری مێژوویی گیرسو ٢٠٠ پارچەی شوێنەوارییان دۆزیوەتەوە کە بە خەتی بزماری نووسراون.

گیرسو، یەکێکە لە یەکەم شارە ناسراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە لە لایەن سۆمەرییەکان بنیات نراوە. سۆمەرییەکان لە نێوان ساڵانی ٣٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین، بۆ یەکەم جار خەتی نووسینیان داهێنا و یەکەم شاریان بنیات نا و تەنانەت یەکەم یاسای پێوەندیدار بە مرۆڤیان نووسیەوە. شارەکە بۆ یەکەم جار ١٤٠ ساڵ لەمەوبەر دۆزرایەوە هەر چەندە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواری بە تاڵان براوە و بەشێکی لەناو چووە.

دۆزینەوەی کۆشکی پاشایەتی دەستکەوتێکی نوێیە و دەرەنجامی هەشت ساڵ کارکردنی شوێنەوارناسانی مۆزەخانەی بەریتانیا و مۆزەخانەی گیتی لۆس ئەنجلێسی ئەمەریکایە.

لەگەڵ دۆزینەوەی کۆشکەکە، کۆمەڵێک نووسراو و پەرستگەی سەرەکیی نینجیرسو Ningirsu کە خوای سۆمەرییەکان بووە، دۆزرایەوە.

پێویستە بگوترێ سۆمەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و نزیک هەر دو ڕووباری دیجلە و فورات نیشتەجێ بوون و داهێنانی گەورەیان هەبووە و ئەوان بۆ یەکەم جار خەت و کاتژمێریان داهێنا.

هارتویگ فیشەر، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی بەریتانیا گوتوویەتی ئەوەی دۆزراوەتەوە زۆر سەرنجڕاکێشە و دەرەنجامی پێکەوەکارکردن بووە و لەمەودوا زانیاری زیاتریان لەبارەی سۆمەرییەکان دەست دەکەوێت. شارستانەتیی سۆمەری بە ئەندازەی شارستانەتیی میسری و یۆنانی نەناسراون، بەڵام بەگوتەی دکتۆر تیمۆتی پاتس بەڕێوەبەری مۆزەخانەی گیتی ئەمەریکا، ئەوەی دۆزیوەتیانەوە گرنگترین شوێنە لەسەر زەوی کە جیهان کەمترین زانیاری لەبارەی هەیە.

سۆمەرییەکان بە یەکەم شارستانیی دادەنرێن و لەو ماوەیەی کە دەسەڵاتیان هەبووە ١٢ دەوڵەتەشاریان بنیات ناوە. ئەوان لە باری هۆنراوە و سروودی ئایینی پێشکەوتوو بوون و بۆ یەکەم جار چەرخ و گاسنیان بۆ کشتوکاڵ و گواستنەوە داهێناوە و لە بواری بیرکاریشدا هەنگاوی گرنگیان نا. داستانی گەلگامێش کە کۆنترین بەرهەمی ئەدەبیی جیهانە کە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە.

خاکی ئێستای عێراق و کوردستان و ناوچەکانی نێوان دوو ڕووبار، بە یەکێک لە لانکە سەرەکییەکانی شارستانی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن و جگە لە سۆمەرییەکان، بابلی، ئەکەدی و ئاشووری و چەندین دەسەڵات و ئیمپراتۆری تر لەو ناوچەیە فەرمانڕەواییان هەبووە . ساڵی ڕابردوو، لە کوردستانیش کۆمەڵێک شوێنەوار دۆزرانەوە کە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان و ئاشوورییەکان دەگەڕانەوە. شوێنەوارناسان چ لە ناوچەکانی عێراق و چ لە کوردستان لە گەڕان و پشکنینەکانیان بەردەوامن.

**سلێمان تاشان - هەولێر**
Sleman_aziz@yahoo.com 4763770

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان دەکات

## لایەنەکان لەسەر پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبنەوە

بە گوێـــرەی ئـــەو زانیارییانـــەی بـــە "هەولێر" گەیشـــتوون، لە چەنـــد ڕۆژی داهاتـــوودا، لایەنە سیاســـییەکانی کوردســـتان بۆ ڕێککەوتن لەسەر پرســـی هەڵبژاردنـــی پەرلەمانی کوردســـتان کۆ دەبنەوە و ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان ڕۆژی هەڵبـــژاردن دەستنیشـــان دەکات؛ بـــە ئەگەری زۆریشـــەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەنجام دەدرێت.

## ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێم، پێشوازی لە ڕەیچەڵ مینەر، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی ڕێکخراوی ناحکوومیی بێڵۆیزەر کرد

# ڕێکخراوێکی بەریتانی هەوڵی بەجینۆساید ناساندنی پرسی ئێزدییەکان لە پەرلەمانی بەریتانیا دەدات



**ڕێکخراوی بێڵۆیزەر بنکەکەی لە شـــاری لەندەنە و کار لـــە بـــوارە مرۆییەکان بۆ ئـــەو گرووپە کەمینە ئایینیانەی کـــە ڕووبەڕووی جینۆســـاید بوونەتەوە دەکات، بەتایبەتی لـــەو کۆمەڵگەیانەی کە ئازادیی ئایینی پێشێل دەکرێت.**

خاتوو ڕەیچـــەڵ مینەر دەربـــارەی بارودۆخی ئێزیدییەکان چەند پرســـیار و سەرنجێکی ئاڕاستەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کرد و ڕێکخەری ڕاســـپاردە نێودەوڵەتییـــەکان ڕۆڵی نووســـینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان (OCIA)ی لە داکۆکیکردن لە ئازادیی ئایینی و هاوکاریی مرۆیی و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ نشینگەکانیان خستەڕوو.

لە درێـــژەی دیدارەکـــەدا ڕێکخەری ڕاســـپاردە نێودەوڵەتییەکان باســـی لە ئاستەنگەکانی بەردەم حکوومەتـــی هەرێمی کرد؛ کە خەمســـاردیی لایەنی دەرەکی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هۆکارەکانی خاوبوونەوەی پڕۆسەی گەڕاندنەوەی هاووڵاتییەکانن بۆ زێدی خۆیان. بەڕێوبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی بێڵۆیزەر خۆشـــحاڵ بوو بە بیستنی زانیاریی هەوڵ و چاودێرییەکانـــی حکومەتـــی هەرێـــم لـــە ڕێگەی نوســـینگەی ڕێکخەری ڕاســـپاردە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی هاریکاریکردنی ئێزدییـــەکان و قوربانیانی دەســـتی تاوانـــە دژەمرۆییەکانی داعـــش. هەروەها ڕاشیگەیاند "ئێســـتا ڕێکخراوەکەیان لە هەوڵدایە بۆ دروســـتکردن و کۆکردنەوەی پاڵپشتی و کۆدەنگی لەبـــارەی ناســـاندنی جینۆســـایدی ئێزیدیەکان لە پەرلەمانی بەریتانیا."

ڕێکخـــەری ڕاســـپاردە نێودەوڵەتییـــەکان ئـــەم هەوڵانـــەی ڕێکخراوە بەریتانییەکـــەی بەرز نرخاند، هەروەها ئامادەیی دەربڕی کە لە نزیکەوە بەشـــدار دەبێت بۆ دروســـتکردنی کۆدەنگی لەناو پەرلەمانی بەریتانیا، بۆ بە جینۆســـاید ناســـاندنی کەیســـی ئێزیدییەکان.

# بەنداوی خنس کە توانای گلدانەوەی حەوت ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە بەگەڕ دەخرێت

**حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ســـەرچاوەکانی ئاو، بۆ خزمەتکردنی کەرتی کشـــتوکاڵی و کەمکردنـــەوەی زیانەکانی وشکەســـاڵی، بایەخێکی ڕژدی بە دروســـتکردن و نۆژەنکردنەوەی بەنداوەکان داوە؛ لەم چوارچێوەدا، دروســـتکردنی بەنداوی خنس لە پارێزگای دهۆک، لە قۆناغی کۆتایـــی و تاقیکردنەوەدایە کە توانای گلدانەوەی حەوت ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە و گرنگی بۆ کەرتی کشتوکاڵ، سامانی ئاژەڵ، کەرتی گەشتوگوزاری و ئاوی ژێر زەوی دەبێت.**


بۆ زانیـــاری لەبارەی جۆر و توانـــا و گرنگیی بەنداوەکە، فەرهاد محەمەد، بەڕێوەبەری بەنداوی دهـــۆک، بە پێگەی فەرمیـــی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتانی ڕاگەیاندووە: بەنـــداوی خنس هەموو کارێکـــی تەواو کراوە و دەســـت بە تاقیکردنەوەی تۆکمەیی و بەرگریی بەنداوەکە کراوە؛ لەبەر ئەوە ئەمســـاڵ پڕ لە ئاو کراوە و لەڕێـــی لیژنەیەکەوە لـــە بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوی دهـــۆک، چاودێریی کەموکوڕییەکانی دەکرێت و لـــەو بارەوە ڕاپۆرتی پێویســـت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکان دەنێردرێت.

بەڕێوەبەری بەنداوی دهۆک ئاماژەی بەوەش دا: بەنداوی خنس لەساڵی ٢٠١٠ بڕیاری دروستکردنی دەرچوو، بەڵام تەنیا توانرا ٦٠٪ـی تەواو بکرێت و کارەکانی ڕاگیران، تا لەکابینەی نۆیەم و لەســـاڵی ٢٠٢١ دەست بە کارکردن کرایەوە و لە ساڵی ٢٠٢٢ توانرا تەواو بکرێت، بەڵام بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەو کارانەی تیایدا کراوە، تا دوو ســـاڵ چاودێری دەکەین.

> **"توانای گلدانەوەی ٧ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە؛ بەرزییەکەی ٣٤.٥ مەترە و درێژییەکەشی بە سەرڕێژەوە ١٩٥ مەترە**

بەنـــداوی خنس لـــە جۆری خاکـــی پڕکراوەیە و دەکەوێتـــە قەزای شـــێخانی پارێـــزگای دهۆک، توانـــای گلدانـــەوەی ٧ ملیۆن مەتر ســـێجا ئاوی هەیە؛ بەرزییەکەی ٣٤.٥ مەترە و درێژییەکەشـــی بە ســـەرڕێژەوە ١٩٥ مەتـــرە، هەروەها دەرچەی ئاودەرەکەشـــی دوو لوولـــەی تیـــرە ٩٠ و ٥٠ سانتیمەترییە.

تێچووی ئـــەم بەنداوە نۆ ملیار و دووســـەد و هـــەژدە ملیـــۆن ٤٨٦ هـــەزار و ٧٥٠ دینارە و لە ئێســـتاوە سوودی بۆ کەرتی کشتوکاڵی، ئاوی ژێر زەوی و کەرتی گەشتیاری دەبێت.





## شیلان فەرەج

# گیانی مرۆڤدۆستی

مێژووی کورد تژییە لە وێرانکاری و کارەساتی خەمناک، زۆربەی ئەو تراژیدیایانەی بەسەریدا هاتوون سروشتی نەبوون، بەڵکو سیاسی و نەتەوەیی بوون و لەلایەن نەتەوە سەردەست و ڕژێمە داگیرکەرەکانی ناوچەکەوە بەسەریدا هێنراوە کە لە ئەنجامی ئەوەشدا هەزاران قوربانی کەوتۆتەوە. هەندێک لەو ڕووداو و کارەسات و تراژیدیایانە تائێستاش ئاسەواری هەر ماوە لە بیرو هزرماندا، بەدرێژایی مێژوویش خەڵکی کوردستان جگە لە چیاکانی هیچ پشتیوان و فریادڕەسێک نەبووە بەهانایەوە بێت، هەر بۆیە لەهەموو گەلانی دیکە باشتر لە ئازاری لێقەوماوان وماڵوێرانی و تراژیدیاکان تێدەگات و لەهەموانیش باشتر لە ئازاری بەهاناوە نەچوون تێدەگات. ئەمە وایکردووە میللەتی کورد لەجیاتی ئەوەی چێژ لە ماڵوێرانی و تراژیدیاکانی میللەتانی تر وەربگرێت بە پێچەوانەوە هاوخەم و هاوسۆزیان دەبێت و هەرچی لەدەسەلاتیدابێت دەیکات بۆ بەهاناوە چوونیان و کەمکردنەوەی خەم و ئازار و ماڵوێرانیان. هاتنی داعش و ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاووڵاتی عەرەبی عێراق و سوریا بۆ ناوچە کوردستانیەکان و بەهاناوە چوونیان و هاوکاریکردنیان لە لایەن حکوومەت و خەلکی کوردستانەوە و دابین کردنی شوێنی حەوانەوە و پێداویستیەکانی ژیان بۆیان بەڵگەی ئەو ڕاستیەن. ئێستاش کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر زەوی لەرزەیەکی وێرانکار لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان و وڵاتی تورکیا و سوریای دا و هەزاران قوربانی گیانی و وێران بوونی هەزاران ماڵ و شوێنی کاری لێکەوتۆتەوە، خەڵکی کوردستان لەهەموان زیاتر لەخەمی ئەو کارەساتەدابوون و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان پڕکرد لە وێنەی کارەساتەکە و قوربانیەکانی و هاوخەمی دەربڕین بۆ ئەو کارەساتە. دەزگای خێرخوازی بارزانی و تیمی فریاگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش یەکەمین کەس بوون کە بەپەلە و لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە بۆ بەهاناوە چوونی قوربانیەکان و ڕزگارکردنی بریندارانی ژێر داروپەردوی بینا ڕووخاوەکان و پێدانی خواردن و بەتانی و چادر و پیداویستی سەرەتایی بە لێقەوماوان. تەنانەت تیمی فریاگوزاری حکوومەتی تورکیا خۆیشی هاوکات کەمێک پێشتر لە تیمەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتبوونە شوێنەکان، ئەم بەهاناوە چوونەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و حکوومەتی هەرێم دەنگدانەوەی زۆری لە تورکیادا هەبوو، خۆشحاڵی زۆری بەخشی بە کوردانی باکور و ڕۆژئاوا بەجۆرێک کە لە عەفرینی داگیرکراودا خەلکێکی زۆر بەبێ ترس بەئاڵای کوردستانەوە پێشوازیان لە تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد. هەمو ئەمانە کاریگەری زۆر باشیان لەسەر ناوبانگی کورد و گیانی بەهاناوە چوون لای گەلانی ناوچەکە بەگشتی و تورکەکان بەتایبەتی دروست کردووە ، دوایین شتیش کە زۆر لە جێی خۆیدا بوو سەردانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بۆ شوێنی بومەلە رزەکە و لە نزیکەوە بینینی وێرانکاریەکان و بەشێک لە ڕزگاربووان و تیمەکانی فریاگوزاری، دواتریش لەنزیکەوە بینینی بەرپرسانی باڵای تورکیا و ئامادەیی دەربڕین بۆ هاوکاریکردنی زیاتری لێقەوماوانی باکوری کوردستان و ڕۆژئاوا و بەشەکانی دیکەی تورکیا و سوریا .

بەم هەڵویست و هاوخەمی و بەهاناوە چوونە. حکوومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان سەلماندیان کە کورد وەک نەتەوە و وەک حکوومەت و دەسەلات، هەمیشە ڕۆڵی ئیجابی و ئاشتی خوازی و مرۆڤ دۆستیان بینیووەو دەیبینن و هەمیشەش کوردستان و خەڵکەکەی هەم پەناگەیەکی ئارامن بۆ لێقەوماوان و هەم فریادڕەسیشن بۆ بەهاناوە چوونی لێقەوماوان .

هەولێر ژمارە (٣٨٠٧) ٢٠٢٣/٢/٢١

## ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە

# زمانی کوردی هێشتا لەبەردەم مەترسیدایە




**ئەمڕۆ سێشەممە، ٢١ی شوبات ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک یان زگماکییە و لەو ڕۆژەدا وڵاتانی جیهان بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی بواری ئەدەب و فەرهەنگ و ناوەندە سیاسییەکان بایەخێکی تایبەت بەم یادە دەدەن و ڕۆژەکەیان کردووەتە بۆنەیەک بۆ هەرچی زیاتر بایەخدان بە زمانی دایک و پاراستنی زمانە جیاوازەکان.**

دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەربەخۆیی هیندستان و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی پاکستان، بەنگلادیش بە پاکستان لکێنرا. زمانی ئۆردوو زمانی فەرمی هەر دوو بەشی ڕوژهەڵات و ڕۆژئاوای پاکستان بوو، لەکاتێکدا بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو کاتی پاکستان بەنگالی بوون و ناچار کرا بوون کە زمانی ئوردوو بەکار بێنن و لە زمانی بەنگالی کە زمانی زگماکییان بوو بێبەش کرابوون. ساڵی ١٩٥٢ ژمارەیەک قوتابی زانکۆی داکار، دژی سیاسەتی سەپاندنی یەک زمان بەسەر وڵاتەکەدا ناڕەزاییان دەربڕی و پۆلیسیش دەستی بە سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران کرد و ١١ کەسی لێیان کوشت ئەو دۆخی دەربڕینی ناڕەزایەتی تا ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو و لەو ساڵەدا دەوڵەت بە ناچاری دانی بە زمانی بەنگالیدا نا.

ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢١ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دا وەک بیرهێنانەوە و ڕێزگرتن لەو کەسانەی لەو خۆپێشاندانەدا تەنیا بە تاوانی ئەوەی داوای زمانی دایکیان کردبوو، ڕۆژکەی بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک یان زگماکی ناساند و ئامانجی یۆنسکۆ ئەوە بوو پەرە بە فرەزمانی و فرە فەرهەنگیی بدات.

لەکاتێکدا ئەم ڕۆژە جیهانییە بەرز ڕادەگیرێت کە زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە لانی کەم چل ملیۆن کەس لە دانیشتووانی گۆی زەوی قسەی پێ دەکەن، هێشتا تەنیا لە یەک وڵات بە فەرمی ناسراوە و دەوڵەتانی حاکمی پارچەکانی کوردستان ئەو زمانە بە فەرمی ناناسن و ڕێ لە گەشە و تەنانەت ئاخافتنیشی دەگرن.

زمانی کوردی تا ئێستا تەنها لە عێراق بە فەرمی ناسراوە و لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێنرێت، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نەبووە ئەو زمانە بە تەواوی لە لەناوچوون ڕزگاری بووبێت. ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەر دوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەیە تا بە بایەخی زیاترەوە بڕواننە زمانی دایک و ڕێ نەدەن لە ڕێچکەی خۆی بەلاڕێدا بچێت. زیاتر لە سێ دەیەیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە بەڵام هێشتا ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان نییە و هەر دامەزراوە و دەزگا و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەک بە کەیفی خۆیان ڕێنووس دیاری دەکەن و هیچ کامێکیان حساب بۆ ئەوەی تریان ناکەن.

نووسراوی سەر دووکان و تابلۆ و شوێنە بازرگانییەکان پڕە لە هەڵەی ڕێنووس و لە لایەکی ترەوە ناو و چەمکی بێگانە جێ بە ناوە کوردییەکان لێژ دەکەن و کەسیش نییە مشووری ئەم کێشانە بخوات و هەست دەکرێ دۆخی زمانی کوردی ساڵ بە ساڵ لە جیاتی بەرەوپێش چوون لە پاشەکشەدایە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا خەڵک ناتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسن و حکوومەتی ئەو وڵاتە زمانەکەی بە فەرمی نەناسیوە و زمانی فارسی سەپاندووە و تەنانەت زۆر جار وەک زاراویەک باس لە زمانی کوردی دەکات و ڕێ لە گەشەی زمانەکە دەگرێت. ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستایەکی خۆبەخشی زمانی کوردی بە ناوی زارا محەمەدی تەنیا بە تاوانی ئەوەی کە منداڵانی فێری زمانی کوردی کردووە گیرا و تەنانەت پێنج ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرا، ئەو دوای ساڵێک زیندانی ماوەی ڕابردوو بەر لێخۆشبوون کەوت و ئازاد کرا.

لە باکووری کوردستان هاوشێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردی بە فەرمی نەناسراوە و تا چەند ساڵ لەمەوبەر تەنانەت ئاخافتنیشی قەدەخە بوو و ماوەی چەند ساڵێکە هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا داوای کردووە زمانی کوردی بە فەرمی بناسرێت بەڵام ڕووبەڕووی سەرکۆنە و تەنانەت زیندانیی کردن بوونەتەوە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە ئیدارەیەکی خۆجێیی دروست بووە زمانی کوردی خەریکە گەشەی پێ دەدرێ هەرچەندە لە دەستووری وڵاتی داگیرکەری ئەو پارچەیەی کوردستانیش زمانی کوردی بە فەرمی نەناسراوە.

ئەگەر یادکردنەوە و گرنگیدان بە زمانی دایک بۆ زمانەکانی تری زیندووی جیهان جێی بایەخ بێت، ئەوا بۆ کورد چەند هێندە گرنگە، چونکە زمانی کوردی هاوشێوەی نەتەوەکەی بەردەوام هێرشی لەسەر بووە و هەوڵ دراوە ئەو زمانە لەناو ببرێت. گەلی کورد بە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی و زمانەکەی بە زیندوویی هێشتوویەتەوە هەرچەندە لە هەندێک شوێن تا ڕادەیەک زیانی بەرکەوتووە و لە هەر چوار پارچەی کوردستان زمانەکەی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی و بۆیە پێویستە بە هەموو تواناوە پارێزگاری لە زمانی کوردی بکرێ و بە پاراوی بپارێزرێت.

سلێمان تاشان - هەولێر
Sleman_aziz@yahoo.com 4763770

## پتر لە ٣٣ ساڵە سەرژمێریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراق نەکراوە

## سیروان محەمەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان:

# بەپێی ئامادەکارییەکان ڕەنگە کۆتایی ساڵی داهاتوو سەرژمێریی گشتی بکرێت

## سەرژمێریی پێویستی بە ٢٧٠ ملیار دینارە

## بەپێی دوایین ئامار، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەک هەزار کەسن

**سیروان محەمەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەم چاوپێکەوتنەدا ڕایگەیاند: دەبێت ١٠ ساڵ جارێک سەرژمێری بکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە دوایین سەرژمێریی کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرابێت، ساڵی ١٩٨٧ بووە.**

بڕیار بوو هەر ١٠ ساڵ جارێک سەرژمێریی لە عێراق بکرێت، بەڵام زیاتر لە ٣٠ ساڵە پرۆسەکە لە عێراق نەکراوە، دواینجار کە لە عێراق سەرژمێریی کرابێت، لە ساڵی ١٩٩٧ بوو ١٩ ملیۆن کەس بەبێ هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، لە ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠١٠ هەوڵی سەرژمێریی لە عێراق درا، بەڵام پرۆسەکە سەرنەکەوت. لەو ساڵانەی کە سەرژمێریی کراوە: ١٩٢٧، ١٩٣٤، ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧، کۆتاجار لە ساڵی ١٩٩٧ بوو بەبێ هەرێمی کوردستان، سەرژمێریی کرا.

سەرژمێریی لە عێراق کۆتایی بەو کێشمەکێشمە و ناکۆکییە سیاسییانە دەهێنێت کە ساڵانە، پەخەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی گشتی عێراق دەگرێت. پەرلەمانتارانی کوردیش لە پەرلەمانی عێراق دەڵێن: کردنی پرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان پشکی هەرێم لە بوودجەی گشتی عێراق زیاد دەکات و دەگەیەنێتە ٢٠٪.

***ئەمساڵ سەرژمێریی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت؟**

– لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای ناوەندیی ئامار، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، دەبێت ئامادەکاریی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمساڵ سەرژمێریی بکرێت، وەکو سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئاگاداری سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئاماریی عێراقم کردەوە کە زۆر زەحمەتە ئەمساڵ پرۆسەکە بکرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە هێشتا بوودجەی عێراق پەسەند نەکراوە، دەستەڵاتەکانی خەرجکردنی بوودجەی تەرخان کراو بۆ سەرژمێریی دیاری نەکراون، دواتر ئامادەکارییەکانی ژێرخانی جێبەجێ کردنی سەرژمێریی ئەلیکترۆنی هێشتا زۆر لەدواوەیە، ئیتر ئەم هۆکارانە وا دەکەن کە بیر لەوە بکەینەوە پەلە بکرێت، بەڵام پرۆسەکە ڕەنگە بکەوێتە کۆتایی ساڵی داهاتوو، بەڵام بە مەرجێک ئەگەر کێشەکان چارە کران.



> بەپێی ئاماری خەملێنراو، عێراق ڕایگەیاندووە دەوروبەری ٤٢ ملیۆن کەسە، بەپێی دوایین ڕووپێو کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان کراوە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەک هەزار کەس دەبن

***چەند ساڵە لە هەرێمی کوردستان و عێراق سەرژمێریی نەکراوە؟**

– دەبێت ١٠ ساڵ جارێک سەرژمێری بکرێت، دوایین سەرژمێری کە لە عێراق کرا بێت، لە ساڵی ١٩٨٧ بوو، ئەو کات لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرا، ڕاستە ساڵی ١٩٩٧ سەرژمێریی لە عێراق کرا، بەڵام تەنها لە ١٥ پارێزگا بوو، لە هەرێمی کوردستان نەکرا.

***بۆ ئەوەی سەرژمێریی بکرێت پێویستە چ بکرێت؟**

– پرۆسەکە پێویستی بە زۆر شتە، یاساکە ئەوەی کە هەیە لە عێراق هی ساڵی ٢٠٠٨ـە، ڕەنگە پێویست بکات هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستە. ئەوەی دیکە بابەتی سەرژمێریی ئەلیکترۆنی پێویستی بە ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاریی هەیە، شارەزای تەکنیکی، ئەمانە هەموو پێویستن بۆ ئەوەی پرۆسەکە بکرێت، ئینجا لەڕووی لۆجستیکەوە پێویستی بە ئامادەکارییەکی زۆر هەیە، چونکە پرۆسەیەکی گەورەیە.

***پرۆسەکە پێویستی بە چەند بودجە هەیە؟**

– نازانین دەستەی ئامار چەند بودجەی پێویستە، ئەوە وەزارەتی پلاندانانی عێراق خەملاندنی بۆ دەکات، بەڵام ئەوەی من ئاگاداربم داوای ٢٧٠ ملیار دینار کراوە.

***لە هەرێمی کوردستان هیچ ئامادەکارییەک کراوە؟**

– سەبارەت بە هەرێمی کوردستان تا ئێستە وەکو پێویست ئامادەکاریی نەکراوە، ئەو بودجەی پێویستە نازانین چەندە، چونکە تا ئێستە بەدەستمان نەگەیشتووە، ساڵی پار تەنها ١٠٠ ملیۆن دینارمان بە دەست گەیشتبوو، ئەو بڕەش زۆر کەم بوو، تەنها هەندێک ئامادەکاری سەرەتایی کراوە، ئێستەش ئەگەر ئامادەکاری بکرێت دەبێت بودجەی پێویست بدرێتە هەرێمی کوردستان، ئەویش دەبێت پێشوەختە پێمان بگات بۆ ئەوەی پلانەکە ئامادە بکەین، خشتەی پرۆسەکە دیاری بکرێت، لایەنی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە ڕاوێژکاری بۆ سەرژمێریی دیاری بکرێت، ئەوانە هەموو کارن بۆ ئەوەی ئامادەکاری پێشوەختە بۆ پرۆسەکە بکرێت.

***گرنگی پرۆسەکە چییە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق؟**

– زۆر گرنگە سەرژمێریی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکرێت، چونکە لەسەر بنەمای ئەو سەرژمێرییە دەتوانین ستراتیجد و کارەکانی گەشەپێدان لە هەموو بوارەکاندا دیاری بکەین. بۆ نموونە، زانینی ژمارەی دانیشتوان، پێکهاتەی دانیشتوان لەڕوویی گروپەکانی تەمەنەوە، هەروەها هەر گۆڕانێکی دیموگرافی کە کراوە، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەخۆشکەرە بۆ زانینی بارودۆخی ئابووری، لەسەر بچووکترین یەکەی کارگێڕی لەم وڵاتەدا، ئەوەش تەنها لە ڕێگەی سەرژمێرییەوە دەکرێت، هەروەها لە ڕێگەی سەرژمێریی تۆ دەتوانی پلانی ورد دابنێی بۆ گەشەپێدانی وڵات لە هەموو ڕوویێکەوە. ئێستە پشتمان بەستووە بە ڕووپێوی تا داتاکانمان دەست دەکەوێت، ئەگەر سەرژمێریی بکرێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکان دەگەینە دوورترین و بچووکترین یەکەی کارگێڕی و نەخشەیەکی وردمان دەبێت لەسەر بارودۆخی دانیشتوان و ژێرخانەکەی.

***بەپێی دوایین ئامار ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراق چەند کەس دەبن؟**

–بەپێی ئاماری خەملێنراو، عێراق ڕایگەیاندووە دەوروبەری ٤٢ ملیۆن کەسە، بەپێی دوایین ڕووپێو کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان کراوە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەک هەزار کەس دەبن.

**ڕائیب جادر - هەولێر**
raibzrari@yahoo.com 07507165222

لە هەر خەرمانەی گوڵێک (٣١٤)



## "هەرجارە و ئایەتێك"

عومەر چنگیانی

# ڕۆژووی مانگی "شەعبان"

ئەم ئیمڕۆی حازرییە یانی سێشەممە ٢١ی مانگی شوباتی ٢٠٢٣ی زایینی لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی شابان (شەعبان)ی ١٤٤٤ی کۆچی تێک دەکاتەوە؛ واتە پشتیوان بە خوا تەنیا مانگێکی ماوە تا مانگە پیرۆزەکەی ڕەمەزان. لێرەوە بە ئەرکی دەزانم، خەرمانەگوڵی ئەمجارە تەرخان بکەم بۆ بەبیرهێنانەوەی هەندێک بابەتی ئایینیی پەیوەست بە مانگەکەوە.

یەکەم/ زۆر ڕۆژووگرتن لەم مانگەدا:

ئەوەی کەمێک شارەزای زانستی (فەرموودەناسی) بێت، دەزانێ کە هەر فەرموودەیەک، باس لە کردەوەی پێغەمبەر بکات، دروود و سڵاوی خوای لێ بێت، مەرج نییە شوێنەکەوتوانیش بیگرنە بەر، بەڵام ئەگەر باسی لە فەرمان و گوتاری ئەو دەکرد، بە فەرماندان بە کردن، یان بە قەدەغەلێکردن، ئەوە بۆ کارپێکردنە، بەڵام تێگەیشتن لەوانیش، بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەمای چەند زانستێک، ناکرێ.

لە گێڕانەوەی باسی ئاکارەکانی پێغەمبەردا، دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، بە تایبەتی ڕۆژووگرتن، دایکی بڕواداران (عایشە) دەفەرمێت کە: "پێغەمبەر، دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، وەها دەستی دەکردە گرتنی ڕۆژووی سونەت، دەمانگوت زەحمەتە ئیتر نەیگرێت، کە نەیشیدەگرت، دەمانگوت دیارە ئیتر نایگرێت! مانگی ڕەمەزانی لێ بترازێ لە ئەوەڵەوە هەتا ئاخر دەیگرت، پێغەمبەرم نەبینیوە، بەبێ ڕۆژبگار، مانگێک بەڕۆژوو بووبێت؛ لە هیچ مانگێکیشدا هێندەی مانگی شابان ڕۆژگی نەدەگرت." (١) بەو گوێرەیە بێ وا ئیبنومبارەک و هەندێک لە زانایان، دەقەکان شی دەکەنەوە، دیارە پێغەمبەر، دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، لە مانگی شاباندا زۆر بەڕۆژوو دەبوو، بەڵام هەرگیز هەر ٢٩ یان ٣٠ ڕۆژەکەی نەگرتووە.

دووەم/ گرتنی ڕۆژووی ئاخروئۆخری شابان

ئەو ڕۆژووە لەبەر سێ شتە:

١/ یان ئەوەتا، ئەو کەسە بۆیەکا بەڕۆژوو دەبێت، نەوەک ڕەمەزانی لێ تێک بچێ و دەڵێ، دەچمە پێشوازەوە نەکا دەسپێکی ڕەمەزانم لێ بڕوات! جا گومانتان لێ نەبێ ئەمەیان دروست نییە و، نابێ هیچ کەس بەو مەرام و نیازەوە ڕۆژوو بگرێت.

٢/ یان ئەوەتا قەرزی لەسەرە و، ڕۆژووی بگردە دەگرێتەوە و قەرزەکەی دەداتەوە؛ ئەوە دروستە.

٣/ ئەگەر نەزرونیازێکیشی کردبێ یان بە نیازی سونەت و خێر، بیگرێت، ئەوەیشیان بە ڕای زۆرینەی زانایان ئاساییە و، چ عەیبی تێدا نییە.

سێیەم/ چوونەپێشوازی ڕەمەزانەوە:

(پێشخستن) دروست نییە، بەڵام بۆچی دروست نییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دوو لایەن هەیە:

١/ مانگی ڕەزمەزان بە خۆی دیارە و، ناکرێ شتێکی پێ زیاد بکرێت؛ دیارە پێغەمبەر، دروود و سڵاوی خوای لێ بێت، بۆ خۆیشی هەر لەبەر ئەوە نەیهێشتووە خەڵک لە ڕۆژانی جەژندا بەڕۆژوو بن و، ئا بەو چەشنە هۆشیاری کردووینەتەوە؛ وەختی خۆی نەتەوە و شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکە، ئەو بەزمەیان دەکرد و، بە ویست و بۆچوونی خۆیان لە ڕۆژوویان زیاد دەکرد؛ جا ئا لەبەر ئەوە پێغەمبەر نەیدەهێشت کەس لە گومانەڕۆژ (یوم الشک)دا بەڕۆژوو ببێت؛ تەنانەت عەماری کوڕی یاسر، خوای لێ ڕازی، دەفەرمێت: "ئەوەی گومانەڕۆژ بکاتە ڕۆژوو، ئەوە لە ڕێبازی بابی قاسم، دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، لای داوە.

٢/ بۆ جیاکردنەوەی فەرز لە سونەت؛ ئاخر جیاکردنەوەی فەرز و سونەت، خۆی کارێکی شەرعی و پەسەندە، هەربۆیەکا پێغەمبەر دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، نەیدەهێشت خەڵک نوێژی سونەت و نوێژی فەرز بدەن بەدەم یەکەوە و، بلکێنن بە یەکدا؛ کە هەرهیچ نەبێت، با بە دوو قسەیەیش بووبێ بەینیان پێ بدرێت؛ بە تایبەتی نوێژی بەیانی، هەربۆیەکە زۆر سونەتە، کە مرۆڤ سونەتی بەیانی، لە ماڵەوە بکات و پاشان ڕابکشێ و ئینجا بچێت بۆ مزگەوت و لەوێ نوێژە فەرزەکەی بکات. ئەوکاتەی پێغەمبەر، دروود و سڵاوی خوای لێ بێت، دەبینێ وا یەکێک لە یارەکانی خەریکە نوێژی سونەت دەکات و، قامەتی نوێژی بەیانیشیان دابەستبوو؛ فەرمووی: "نوێژی بەیانی و، چوار ڕکات." (٢)

چوارەم/ پێغەمبەر دروود و سڵاوی خوای لێ بێت، لەبەرچی ئەو هەموو ڕۆژووەی دەگرت لە شاباندا؟

زانایان بۆ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو کارەکەی پێغەمبەر- دروود و سڵاوی خوای لێ بێت-، چەند ڕایەکیان فەرمووە؛ هەرە پەسەندەکانیان ئەمانەن:

١/ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، زۆربەی کات بۆ گەیاندنی بانگی خوا و لادانی کۆسپەکانی ڕێگای بانگەکە، دەکەوتە دەرەوەی مەدینە و گەشتی وەڕێ دەهات و ئەویش بۆ خۆی کردبوویە سونەت، کە هەر مانگەی بەلانی کەمەوە، سێ ڕۆژی لێ ڕۆژوو بگرێت؛ لە ڕەوتەن (سەفەر)یشدا نەیدەگرت؛ کە مانگی شابان دادەهات، هەموو ئەو سونەتە فەوتاوانەی کە ئەو لە سەری واجب بوو، دەیگرتەوە.

٢/ هەندێ زانایش دەفەرموون کە ژنگەلی ماڵی پێغەمبەر دروود و سڵاوی خوای لێ بێ، لەبەر دەشتان (سووڕی مانگانە) ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانیان لێ بفەوتایە، بە زۆری گێڕانەوەکەیان هەڵدەگرت بۆ مانگی شابانی دابێت و لەو مانگەدا دەیانگرتەوە؛ پێغەمبەریش دروود و سڵاوی خوای لێ بێت، بۆ دڵنەوایی و سۆزبەخشین پێیان، لەگەڵیاندا بەڕۆژوو دەبوو. (٣)

**پەراوێز**

**(١) بوخاری، ژمارە (٣٣) و، مسلیم، ژمارە (١٩٥٦)**

**(٢) بوخاری، ژمارە (٦٦٣ )**

**(٣) گوڵخەرمانی ئیمڕۆمان پوختەی خەلەکی ٢٧ی گوڵخەرمانەکەمانە، کە پێشتر لە لاپەڕە "٩"ی ژمارە ٢٣٦٦ی ڕۆژنامەی هەولێر، ڕێکەوتی سێشەممە ١٠ی مایسی ٢٠١٦ بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەزموونی چیلی لە بوومەلەرزە جیهانی شۆك كردووە

**بەدرێژایی دوو سەدە، هیچ بوومەلەرزەیەک ئەوەندەی بوومەلەرزەکەی ١٩٦٠ی شیلی بەهێز نەبووە، کە بە گوڕی ٩,٥ ڕێختەر ئەو وڵاتەی هەژاند، بەڵام ئەو بوومەلەرزەیە بووە وانەیەک بۆ چیلی، تا بە بەرنامەیەکی تۆکمەی زانستی ڕووبەڕووی بوومەلەرزە ببنەوە. چیلی گەیشتە ئەو بڕوایەی ئیدی بوومەلەرزە بووەتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ، لەبری ئەوەی لێی ڕاکەیت، پێویستە ڕووبەڕووی ببیتەوە.**

ژاپۆن، لەسەر هێڵی بوومەلەرزەیە، کالیفۆرنیا و چیلیش بەهەمان شێوە، بەڵام چیلی لە ژاپۆن زیاتر توانیویەتی بەشێوەیەکی زانستیی ڕووبەڕووی بوومەلەرزە ببێتەوە، ئەویش بە ئەنجامدانی ژێرخانێکی گەورە و ڕێگەی زانست، کە کردوویانەتە کلتوور لەو وڵاتە.

ڕۆژنامەنووسێکی تورک، سەردانی چیلی کردووە، لەوێ بە چاوی خۆی بینیویەتی کە چۆن، ئەو وڵاتە هەموو کاتێک ئامادەیە ڕووبەڕووی بوومەلەرزە ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە گوڕی ٩,٥ ڕێختەریش بێت، بەبێ ئەوەی زیانی گیانیشیان هەبێت.

لە یەکێک لە دامەزراوەکانیدا چیلی نووسراوە "ئەگەر بوومەلەرزە ڕووی دا، مەڕۆ دەرەوە و لەناو باڵەخانەکاندا بمێنەرەوە، چونکە ئێمە باڵەخانەکانمان وا دروست کردووە، کە سەلامەتترین شوێن بێت لە کاتی بوومەلەرزە"

بوومەلەرزە ئەگەرچی کارەساتێکی سروشتیی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر عەقڵ هەبوو، دەتوانرێت ڕووبەرووی ببیتەوە، چیلیش یەکێکە لەو نموونانەی کە دەکرێت هەموو ئەو وڵاتانەی مەترسی بوومەلەرزەی لەسەرە سوود لە ئەزموونی چیلی وەربگرێت.

ژێرخان گرنگە بۆ هەموو وڵاتێک، بەڵام ئەوەی لەژێرخان گرنگترە، ئەو کلتوورەیە کە ئەگەر بوومەلەرزە ڕویدا چی بکرێت باشە و چۆن خۆت بپارێزیت؟ لە چیلی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا باس لە چۆنییەتی خۆپاراستن لە بوومەلەرزە دەکرێت و لە ناوەندیش وانەی جیۆلۆجی دەخوێنرێت، بەڵام لە تورکیا لە دواناوەندی وانەی جیۆلۆجی هەڵگیرا.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ئاژانسی (BBC) بەشی تورکی وەرم گرتووە، نیوەی باڵەخانەکانی تورکیا مەترسی ئەوەیان لەسەرە لەکاتی بوومەلەرزە بەتەواوی بڕووخێت، هەروەها لە ئێستای تورکیادا ١٣ملیۆن باڵەخانە مەترسی ئەوەیان لەسەرە ئەگەر بوومەلەرزەیەک بە گوڕی ٧ ڕێختەر زیاتر لەو وڵاتە بدات، ئەو باڵەخانانە دەڕووخێنێت.

ناکرێت تەنیا حکوومەتی ئاکەپە تۆمەتبار بکرێت بەوەی ژێرخانی ئەو باڵەخانانەی تورکیا بەهۆی ئەوانەوە خراپە، ئاخر بەر لە ئاکەپەش، گەورەترین کێشەی تورکیا، خراپی ژێرخان بووە، بۆیە کاتێک لە ١٩٩٩ بوومەلەرزە لە مەرمەڕایدا، هەزاران کەس گیانی لەدەستدا و زیاتر لە دوو هەزار باڵەخانەش ڕووخا، کەواتە کێشەی ژێرخان هەموو حکوومەتەکانی تورکیا لێی بەرپرسیارن بەئاکەپەشەوە.

لەژاپۆن، باڵەخانە دروست دەکرێت، بەجۆرێک ژێرخانی باڵەخانەکان ئامادە دەکەن، کاتێک بوومەلەرزە روو دەدات، لەگەڵ جولانی زەوی، باڵەخانەکەش دەجۆڵێتەوە، واتە تەنیا دەجۆلێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی و مادی هەبێت، لەو جۆرە باڵەخانانە تەنیا هەشت هەزار بوونی هەیە و بەنیازن و بەرنامەیان هەیە، لەو جۆرە باڵەخانانە زیاد بکەن، چونکە وەکوو ئەوەی پلانیان بۆی داناوە، تا ٢٠٣٠، چەندین بوومەلەرزە لە ژاپۆن دەدات و پێشبینی دەکەن زیاتر لە ٢٠هەزار کەس بکوژێت، بۆیە لەئێستاوە کار دەکەن تا بتوانن پێشبینییەکانیان پێچەوانە بکەنەوە و ژمارەی گیان لەدەستدان بە هۆی بوومەلەرزەوە تا ٢٠٣٠ کەم بکەنەوە.


لە تورکیاش لەو جۆرە باڵەخانانە بوونی هەیە، وەکوو ئەوەی باس دەکرێت سەد جۆر باڵەخانە لە تورکیا هەیە، کاتێک بوومەلەرزە روو دەدات، زەوی چۆن بجولێت، ئەو باڵەخانانەش بەهەمان ئاڕاستەی زەوی دەجولێت و هیچ کێشەیەکی نابێت، جا ئەگەر بوومەلەرزە بەرێختەری زیاتر لە ٩ شبێت، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بتەوێت ڕووبەرووی بوومەلەرزە ببیتەوە، ڕێگەی جۆراوجۆر هەن، کە ئەزموونی چیلی باشترن ئەزموونە و دەکرێت تورکیا سوودی لێ ببینێت، دڵنیاشم دوای بوومەلەرزەکەی شەشی شوبات، تورکیا روو لە چیلی دەکات و داوای لێدەکات هاوکاری بێت بۆ چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بوومەلەرزە، چونکە بوومەلەرزە بووەتە بەشێک لەژیانی تورکیا و دەبێت بزانێت چۆن ڕووبەرووی ببێتەوە.

**کارزان گلی - هەولێر**

karzan_ma82@yahoo.com 07504532141



# لەبیربردنەوەی زمان
# چەند سەرنجێك لە (ڕۆژی زمانی دایك)دا




ئارام کۆشکی

یەکێک لەو پرسیارانەی پێویستە لە خۆمانی بکەین ئەوەیە ئایا دوای ئەو لێشاوەی بەجیهانیوون و تێکەڵبوونی کولتوورەکان و ئەو لێشاوە ترسناکەی سۆشیالمیدیا کە کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر زمانەکان هەیە، دۆخی زمانی کوردی لە کوێدایە؟ ئایا زمانی کوردی گەشەی کردووە، یان بەرەو پوکانەوە دەڕوات؟

ئەگەر بە سەرنجەوە سەیری کتێبخانەی کوردی بکەین و سەرنج بخەینە سەر ئەو ژمارە زۆر و بێشومارەی کتێبی چاپکراو و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر و بەراوردێک لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتی بە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بکەین، هەست بە گەشەیەکی بەرچاوی زمانی کوردی دەکەین. گەشەیەک کە سروشتییە و هەموو زمانێکی زیندوو پێیدا دەڕوات. بەڵام ئەگەر سەرنجی تابلۆ و ناوی شوێنەی بازرگانییەکان و ناوی خوێندنگە تایبەت و نموونەییەکان بدەین هەست بە پاشەکشەیەکی تەواوەتی زمانی کوردی دەکەین و لێشاوێک ناو و چەمکی خۆرئاوایی و بیانی ڕووی لە هەموو جێگەیەک کردووە و خەریکە بەشێک لەو پانتاییەی زمانی کوردی تێیدا لە گەشەدا بووە داگیری دەکەن. ئەمە ئەگەر تەنها بە ڕووکەش و لە دەرەوە و دوور لە چاوێک کە ناوەوەی ئەم دامەزراوە پەروەردەییانە بخوێنێتەوە تەنها بەناوی خوێندنگەکاندا هەست بە (لەبیربردنەوەی زمان)ی کوردی دەکەین.

دەشێ بپرسین "لەبیربردنەوەی زمان" چییە؟ کاتێک ناوی خوێندنگەیەک، یان جێگەیەکی بازرگانی بە زمانێکی بیانی دەنووسرێت، ئەمە جۆرێکە لە "لەبیربردنەوەی زمان" کاتێک خوێنەرێک بەر ئەم ناوە بیانییە دەکەوێت و لەوکاتانەدا خوێنەرەکە بیر لە زمانەکەی خۆی ناکاتەوە، تەنها وشەیەک یان دەستەواژەیەکی بیانی لە خەیاڵیدایە و بیر لەو زمانەی دیکە دەکەینەوە. بیرکردنەوە لە زمان بیرکردنەوەیە لە شوناس و لەبیرنەچوونەوەی خۆت و ڕەسەنیەتتە. کاتێک لێشاوێک خوێندنگەی نموونەیی و تایبەت بە هەموو پرۆژگرامێکی هاوردەکراوەوە و بە زمانیکی هاوردەکراوەوە لە شارەکانی کوردستاندا دەکرێتەوە و بە پلەی یەکەمیش زمانی دایکی لەبیر فێرخوازەکان دەبرێتەوە. دەشێ بپرسیت ئایا بیر لەوە نەکراوەتەوە "زمانی دایکی" فێرخوازەکان فەرامۆش نەکرێت؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام بە وردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی دایکیمان وەکو چۆن لە شوێنە بازرگانی و ناوی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون فەرامۆش کراوە ئاوهاش لە پرۆگرامەکانی ئەم خوێندگانەدا فەرامۆش کراوە و لەبیری فێرخوازان براوەتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوە زیاتر مەبەستم نموونەیەک دەهێنمەوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی چەندین فێرخوازبوومەوە، کە لە خوێندنگە نموونەیی و تایبەتەکان فێرخوازن، بەڵام بەشی هەرە زۆریان (ناڵێم هەموویان) زمانی دایکی خۆیان نازانن، یان زۆر بە خراپی توانای قسەکردنیان هەیە پێی. ئەوەی زۆر نیگەرانی کردم ئەوە بوو جارێک باوکێک بە کوردی لەگەڵ کوڕە ١٢ ساڵانەکەی قسەی دەکرد کوڕەکەی نەیدەتوانی وەڵای باوکی بە کوردی بداتەوە و بەشێک لە وەڵامەکانی بە ئینگلیزی دەربڕی.

ئەمەی سەرەوە نموونەیەکی سادەیە، بەڵام تەنها نموونەیەک نییە، بەڵکو دەیان و سەدان نموونەی لەم شێوەیە هەیە. بۆیە ئەگەر لە خەمی زمانەکەمانداین، سەرەتا دەبێت زمانی کوردی زمانی بنچینەییمان بێت، چونکە سەدان هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ لەبیربردنەوەی زمانەکەمان و بچووککردنەوەی و سڕینەوە. بۆیە بەرلەوەی هەر زمانێکی دیکە فێرببین زمانی دایکی مەرجی سەرەکی ناسنامەی ئێمەی کوردە.

سەبارەت بە یادی ڕۆژی "زمانی دایک"یش ئەم ڕۆژە، ڕۆژی ٢١ شوباتی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی جیهانی "زمانی دایک"ە، کە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دیاریکراوە. ئەم ڕێکخراوە لە کۆنگرەیەکییدا لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٩، ئەم ڕۆژەی وەکو ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دیاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەمجار ئەم ڕۆژە مێژوویی و جیهانییە یادی کرایەوە. یۆنسکۆ هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ "زمانی دایک"ی گەڕاندەوە بۆ هاوکاریکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و کولتوورەکان.

# شیعر ژانرێکی ئایندەگەرایە
# (چەند سەرنجێکی کورت)

پەیوەندی شیعر و زەمەن پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، بەو پێیەی شیعر ژانرێکی سرکە ناتوانرێت لە ژێر زەمەنێکدا کۆنترۆڵ بکرێت. هەندێک کەس شیعر بە زەمەنی ڕابردووەوە دەبەستنەوە، بەو پێیەی ئەوەی لە هزری شاعیرەوە دێتە دەرەوە بەرهەمی هزر و نۆستالۆژیای شاعیرە، یان بەشی هەرە زۆری لە نۆستالۆژیاوە دێتەوە نێو شیعر. هەندێکی دیکەش شیعر بە ژانرێکی ئێستایی دەزانن و پێیانوایە "شیعر زمانی ڕاستەقینەی ئێستایە." بەڵام ئەگەر شیعر زمانی ئێستا بێت بۆچی ئێمە شیعری دوو سەدە لەمەوبەریش دەخوێنینەوە هەست دەکەین ئێستاییە و لەم چرکەساتەدا نووسراوە. هاوکات بۆچوونێکی دیکەش هەیە، کە شیعر هەمیشە لە ژانرێکی ئایندەگەرایە. بەڵام ئەگەر شیعر ژانرێکی ئایندەگەرا بێت چی بۆ ئێستا و ڕابردوو پێیە؟ چۆن شیعر دەبێتە ژانرێکی ئایندەگەرا؟ لەم بەشەی نووسینەکەمدا هەوڵی گەڕان دەدەم وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

ئەدۆنیش لەو شاعیر و تیۆریزەکارانەیە، کە بڕوای تەواوی بەوەیە شیعر هەمیشە لە جوڵەدایە و هەمیشەش ڕووی لە ئایندەیە. لە جێگەیەکدا دەڵێت "فۆڕمی شیعر بریتییە لە جوڵە و بوونگۆڕین، بریتییە لە دروستبوونێکی بەردەوام، فۆڕمی شیعری زیندووش ئەوەیە بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بێت." ئەم جووڵەیە بۆ گۆڕان و بەردەوامیی وایکردووە (وەک لە بەشەکانی پێشووش خستمانەڕوو) پێناسەکردنێکی جێگیر بۆ شیعر نەدۆزینەوە، بۆیە هەموو پێناسەکردنێک بە جۆرێک لە جۆرەکان تەنها دیدگایەکە و هیچ پێناسەیەک نییە وەکو دوا پێناسە بۆ شیعر ببینرێت. ئەدۆنیس لە جێگەیەکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "شیعریەتی نوێ، دوو کاری پێکەوەگرێدراو بە ئەنجام دەگەیەنێت، شتێکی نوێ دەڵێت و فۆڕمی تەعبیرکردنی تازەش دێنێتە ئاراوە، چونکە هەموو ئەفراندنێک ڕەخنەگرتنە لەو ڕابردووەی بەجێمان هێشتووە، وەک چۆن ڕەخنە ئاراستەی ئەمێستاش دەکات بە مەبەستی گۆڕین و بونیادنانەوە" لە جێگەیەکی دیکەدا ئەدۆنیس ڕاشکاوانەتر و پێداگرانەتر دەڵێت: "شیعر خۆی بریتییە لە ئامارژەکردن بۆ داهاتوو."

ئەگەر بتوانین پێناسەیەک بۆ ئەدۆنیس بکەین دەتوانین بڵێین ڕوانینەکانی بۆ شیعر ڕوانینی ئایندەگەراییانەیە. بەڵام ئایا ئەمەش دیسان قەتیسکردنی شیعر نییە لە زەمەنێکی دیاریکراوی نادیار و نەهاتوودا. ئەوەی بۆ من ڕوونە ئەوەیە کە هەموو شیعرێکی ڕاستەقینە، شیعرێکە لە هەموو زەمەنێکدا دەخوێنرێتەوە و هەموو زەمەنێک دەبڕێت. ئەگەر شیعرێک تەنها سەرداری زەمەنێکی دیاریکراو بوو ئەو شیعرە لە بازنەی زەمەن و ڕووداوێکی دیاریکراودا کوژراوە. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە هەندێک شیعر هەن، کە بۆ ڕووداوێک و لە زەمەنێکی دیاریکراودا نووسراون وەلێ توانای بڕینی هەموو زەمەنێکیان هەیە. بێگومان ئەمە پەیوەندی بە ئەو تێمەیەوە هەیە کە ئەو دەقە شیعرییە هەڵگریەتی. شیعر توانای ئەوەی هەیە لە هەرسێ زەمەنی (ڕابردوو و ئیستا و ئایندە)دا بوونی خۆی بسەلمێنێت.

کاتێک باس لەوە دەکەین شیعر ئایندەگەرایە مەبەستمان لەوەیە کە "شاعیر بە جیهانبینی خۆی دەپەڕێتەوە بۆ ئەو دیو سنوورەکانی جیهان و چەند بەناخی جیهاندا ڕۆبچێت ئەوەندە ڕەهەندی مرۆڤانە و هونەریانەی نوێ دەخولقێنێ. سەفەری شاعیر هەنگاونانە بەرەو ئایندە بۆ ئەوەی ڕووبەر و پانتایی ئەفراندنی خۆی بەرفراوانتر بکات، بۆ ئەوەی لە مومکینی بێسنووری ناکۆتایی بگەڕێت. لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە شیعرە ئەو ژانرەیە، کە هەمیشە بەدوای کەشفنەکراو و ڕووبەری پەی پێنەبراودا دەگەڕێت. هەر بۆیە بە ژانرە ئایندەگەراکە ئەدۆنیس ناوی دەبات و هەتا لە جێگەیەکدا دەڵێت: "ئەگەرەکان دەکەونە زەمەنی ئایندەوە بۆیە من عەوداڵی داهاتووم، خەمی ئایندە خەمی بوونگۆڕینەوە نوێبوونەوەیە."

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو دیدە ئایندەگەرایەی ئەدۆنیسدا بەختیار عەلی پێوایە "شیعر بۆ هیچ سەردەمێک نانووسرێت. شیعر پەیوەندییەکی لاواز و ناڕاستەوخۆی بە زەمەنەوە هەیە، شیعر بۆ ئەوانە دەنووسرێت، کە دەتوانن بیدۆزینەوە، گرنگ نییە کێن چین و لە چ سەردەمێکدا دەژین." بەڵام هەر لەو وتارەدا ئەم نووسەرە باس لەوەش دەکات شیعر ژانرێکە بۆ "لەکارخستنی دەسەڵاتی مێژوو". ئەم بۆچوونانەی بەختیار عەلی لەوە نزیکمان دەکاتەوە شیعر سەر بە یەک زەمەن نییە، وەک لە هێڵکارییەکەشدا خستمانەڕوو، بەڵام پێیەکی گەورەی لە ئایندەدایە بەو پێیەی دەسەڵاتی مێژوو لە کار دەخات، بەڵام خودی مێژوو دێتە نێوی، بەڵام بە دەسەڵات و زمانێکی نوێوە، کە زمانی ئەوانەیە دەتوانن کەشفی بکەن و تێی بگەن.

کەریم دەشتی شاعیریش تاڕادەیەک لەگەڵ بۆچوونی بەختیار عەلیدایە پێیوایە، کە شیعر هیچ زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، ئەوەی شیعری زاڵ کردووە بەسەر زەمەندا ئەوەیە شیعر خۆی خولقێنەری زەمەنی خۆیەتی لە ڕێگەی داهێناندا، دەخوزام بڵێم شیعر ڕەهەندی چوارەمی زەمەنە، کە هەموو ئێستا و داهاتوو لەنێو وشەدا کۆ دەکاتەوە بۆ دەربازبوون بۆ ناو دەرەوەی زەمەن و دەستگیرکردنی ڕەهایی، چونکە شیعر دەبێت بوونەوەرێکی ئازاد بێت." بەڵام دەشتی باس لە پەیوەندی شیعر بە مێژوو ناکات و ئەو زیاتر تەرکیز دەکاتە سەر ئێستا و ئایندە. بەڵام لای ئەم شاعیرە ئەوەشی شیعر بە هیچ زەمەنێکەوە نابەستێتەوە پەیوەندی بە سرکی و ئازادبوونی ئەم ژانرەوە هەیە. وەلی ئەگەرچی ئەمەشی دەیلێت دروستە، بەڵام ئایندەگرایی شیعر ڕوانینی دوورمەودای شاعیرە بۆ چەمکەکان و هەڵکۆڵینیان لەنێو بوونی مرۆڤدا. بەتایبەت شیعر ئەوکاتەش زیاتر دەبێتە ژانرێکی ئایندەگەرا، کە داوای چالاکی دەکات و دەیەوێت تاک لە متبوون و پاسیڤێتی بجوڵێنێت و بیخاتە سەر کەڵگەڵەی چالاکی ئەمەش وا دەکات ڕووی لە ئایندە بێت، ئایندەیەک کە نازانرێت کەی دێت.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

*دڵشاد عەبدوڵڵا، کتێبی ڕەش، گوتاری ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢١، ل ١٥٩.
* ئەدۆنیس، ژیان و ئەزموونی شیعرییم، و: شوان ئەحمەد، ناوەندی ئەندێشە، چاپی یەکەم٢٠١٦، ل٦٠.
* بەختیار عەلی، شیعر و چەمکەکان، بڵاوکراوەی شیعر ژمارە یەک، ساڵی٢٠١٦. ل٨١
* کەریم دەشتی، بە منداڵی بە جلی پایزەوە، ئەزموون، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل٧٣.

ئارام کۆشکی - سلێمانی
aramkoshki@ymail.com 07701472383

# هەولێر ئامار و زانیاریی نوێ لەسەر خولی خولی یانەیە پلە یەکەکانی کوردستان دەخاتە ڕوو

## هەولێر هەنگاوێکی تر لە گەڕانەوە بۆ خولی نایابی کوردستان نزیک بووەوە




فۆتۆ: ئیرۆن خەلیفانی

"سلێمانی زۆرترین گۆڵی لەم وەرزەدا تۆمار کردووە ٢٤ گۆڵ، هەولێر زۆرترین یاریی بردووەتەوە کە ٧ یارییە، برادۆست ٣٧ گۆڵی لێ تۆمارکراوە کە زۆرترینە، بروسک زۆرترین یاریی یەکسان کردووە کە ٨ یارییە، دوای تێپەڕبوونی ١٤ گەڕ لە ١١٢ یاریدا ٢٥٢ گۆڵ تۆمار کراون، ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یارییەک ٢،٢ گۆڵە، برادۆست زۆرترین یاریی دۆڕاندووە کە ٩ یارییە"

**بە ئەنجامدانی هەشت یاری، یارییەکانی گەڕی دوازدەیەمی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، لەم گەڕەدا سلێمانی پێشەنگی یانەکان لەگەڵ بابان یەکسان بوو، پێشەنگی لەدەست دا، هەولێر بەبردنەوەی لە قەڵادزێ هانگاوێکی تر لەگەڕانەوە بۆ خولی نایابی کوردستان نزیک بووەوە، یانەکانی ڕزگاری و بازیان بەبردنەوەیان لەم گەڕەدا هاتنە ناو ڕکەبەری گەیشتن بەڕیزی یانە نایابەکان، شەڕی دابەزینیش لە یانەکانی خوارەوەی ڕیزبەندی تا دێت گەرمتر دەبێت.**

### گەڕێکی تری یارییەکان بەڕێوە دەچن

بە ئەنجامدانی ٨ یاری گەڕی پازدەیەمی خولی یانەی پلە یەکەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، کۆمەڵێک ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێز لەم گەڕەدا دەبیندرێن، گرنگترینیان یاری نێوان ڕزگاری و کۆیە دەبێت کە ئەو یارییە لە گەرمیان ئەنجام دەدرێت، ڕزگاری ٢٠ خاڵی هەیە و لە خانەی سێیەم دێت، کۆیەیش بە ١٩ خاڵ خانەی شەشەمی گرتووە، بردنەوەی هەر یەکێکیان زیاتر لەڕکەبەری گەیشتن بە خولی نایاب نزیکی دەکاتەوە دۆڕای ئەم یارییەش تا ڕادەیەک لە ڕکەبەری دوور دەکەوێتەوە، یانەکانی هەولێر و سلێمانیش کە لە پلەی یەکەم دووەم دێن ڕووبەڕووی هەڵۆ و سێمێل دەبنەوە. خشتەی سەرجەم یارییەکانی تریش بەم شێوەیە دەبن:

### خشتەی یارییەکانی گەڕی سێزدەیەم

ڕانیە – ڕەواندز/ یاریگەی ڕانیە
برادۆست – بازیان / یاریگەی برادۆست
هەڵۆ – هەولێر/ یاریگەی بلێ
سلێمانی – سێمێل/یاریگەی سلێمانی
قەڵادزێ – زانکۆی جیهان/ یاریگەی قەڵادزێ
ڕزگاری– کۆیە/ یاریگەی ڕزگاری
خاک – بابان/ یاریگەی خاک
بروسک – خانەقین/ یاریگەی پیشەسازی
یانەکانی پیشەسازی و شۆڕیجە چاوەڕوانن

### ئامارەکانی خولەکە

لەم گەڕەدا هەژدە گۆڵ تۆمارکران، لەکۆێ ٨ یاریی ئەم گەڕەدا ٤ لێدانی سزا هەژمار کرا، سلێمانی زۆرترین گۆڵی لەم وەرزەدا تۆمارکردووە ٢٤ گۆڵ، هەولێر زۆرترین یاری بردۆتەوە کە ٧ یارییە، برادۆست ٣٧ گۆڵی لێ تۆمارکراوە کە زۆرترینە، بروسک زۆرترین یاری یەکسان کردووە کە ٨ یارییە، دوای تێپەڕبوونی ١٤ گەڕ لە ١١٢ یاریدا ٢٥٢ گۆڵ تۆمارکراون، ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یارییەک ٢،٢ گۆڵە، برادۆست زۆرترین یاری دۆڕاندووە کە ٩ یارییە.

### ڕیزبەندی یانەکانی خولەکە

١- هەولێر ٢٦ خاڵ لە ١٣ یاری
٢- سلێمانی ٢٣ خاڵ لە ١٣یاری
٣- ڕزگاری ٢٠ خاڵ لە ١٣ یاری
٤- خاک ٢٠ خاڵ لە ١٣ یاری
٥- بازیان ١٩ خاڵ لە ١٢ یاری
٦- کۆیە ١٩ خاڵ لە ١٢ یاری
٧- شۆڕیجە ١٨ خاڵ لە ١٣ یاری
٨- ڕانیە ١٨ خاڵ لە ١١ یاری
٩- پیشەسازی ١٨ خاڵ لە ١٤ یاری
١٠- قەڵادزێ ١٧ خاڵ لە ١٢ یاری
١١- سێمێل ١٥ خاڵ لە ١٢ یاری
١٢- بابان ١٥ خاڵ لە ١٢ یاری
١٣- بروسک ١٤ خاڵ لە ١٣ یاری
١٤-هەڵۆ ١٤ خاڵ لە ١١ یاری
١٥- خانەقین ١٢ خاڵ لە ١٢ یاری
١٦- ڕەواندز ١٠ خاڵ لە ١٣ یاری
١٧- زانکۆی جیهان ٩ خاڵ لە ١٢ یاری
١٨- برادۆست ٨ خاڵ لە ١٣ یاری

### ڕیزبەندی گۆڵکاران:

دوای تێپەڕبوونی ١٣ گەڕ بەسەر یارییەکانی خولەکە ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولەکە بەمشێوەیەیە:

١-دانیار ئیسماعیل– یانەی سلێمانی ٧گۆڵ
٢- مەحەمەد حەمید – یانەی خاک٧ گۆڵ
٣- یادگار ئیبراهیم– یانەی بازیان ٦ گۆڵ
٤- هۆگر حوسێن – یانەی هەولێر ٦ گۆڵ
٥- هێمن فەرەج – یانەی سلێمانی ٦ گۆڵ

ئەم وەرزە خولەکە بەشێوازی خول و بەیەک قۆناغ بەڕێوەدەچێت و بڕیاردرا سێ یانە دابەزن بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان و دوو یانەی خاوەن پلەکانی یەکەم و دووەمیش سەربکەون بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و یانەی سێیەمیش لەگەڵ یانەی پلە چواردەیەمی خولی نایابی کوردستان لەیاری پلەی ئۆف بەیەک دەگەن و براوەیان لە خولی نایابی کوردستان یاریدەکات.

**هێمن ئەسکەندەر - هەولێر**

# دێرینەکانی زانکۆ بۆ جاری دەیەم بوونە پاڵەوانی هەولێر و دەوروبەری

**ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، لە یاریی کۆتایی دێرینەکانی هەولێر و دەوروبەری ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، کە ئەم پاڵەوانیەتیە لە لایەن ناوەندی یەکی لاوان ساڵانە دەکرێتەوە، تێیدا دێرینەکانی زانکۆ توانیان ببنە پاڵەوانی جامەکە.**

یاریی کۆتایی لە نێوان دێرینەکانی زانکۆ و دێرینەکانی هەولێر ئەنجام درا، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە یاریگەی سیروانە ڕەش لە گەڕەکی ٩٢ بەڕێوەچوو، دێرینەکانی زانکۆ توانی بە گۆڵێکی بێ بەرانبەر لە دێرینەکانی هەولێر بباتەوە.

پاڵەوانیەتەکە بە بەشداری ٢٠ تیپی دێرین لەسەر ئاستی هەولێر و دەوروبەری کرایەوە، پاڵەوانەتیەکە ماوەی ٢ مانگی خایاند تا کۆتایی پێهات، تیپی دێرینەکانی زانکۆ ٦ یارییان ئەنجامدا، تونیان لەم ٦ یارییە ١٥ گۆڵ بکەن و تەنها ٦ گۆڵیان لێ تۆمارکرا.

لە یاریی کۆتایی دوای بردنەوەی جامەکە لە لایەن تیپی دێرینەکانی زانکۆ، بە ئامادەبوونی چەند کەسایەتیەکی وەرزشی خەڵات بەسەر براوەکان دابەشکرا، لە دواییشدا باشترینەکانی پاڵەوانیەتەکە دەستنیشانکران، کە سەرمەند عەزیز بە باشترین یاریزانی پاڵەوانیەتەکە و کاوە هاوار وەک باشترین گۆڵپارێز و ئەیاد حەمید وەک یاریزانی نمونەی لە پاڵەوانیەتەکە خەڵات کران، پلەی دووەمی پاڵەوانیەتەکەش بووە بەشی دێرینەکانی هەولێر، کە یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری پێشووتریش بەشداری لە پاڵەوانیەتی دۆستانەی دێرینەکان لە وڵاتی تورکیا کردبوو، لە قۆناغی پێشکۆتایی تووشی شکست هاتبوون

**بارزان ئەکرەم - هەولێر**

# دوو ئەستێرەی ریاڵ مەدرید بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ بەشداری ناکەن

# ئایا مارسێلۆ دەچێتە نەسری سعوودی؟



**ڕۆژنامەی هەولێر، لە چوارچێوەی کۆهەواڵدا، ڕۆژانە تازەترین و گرینگترین هەواڵ و پێشهات و دەنگوباسە وەرزشییەکان بۆ گوێ و هزری خوێنەرانی دەگوازێتەوە، کە تێیدا پێشینەهواڵ بۆ گرینگترین و تازەترینیانە و بە هۆی فراوانیی بواری تۆپی پێ و فرەیی جەماوەر و هەواداری ئەو یارییەوە، پشکی شێر و زۆر بەر هەواڵەکانی ئەو یارییە دەکەون و لە کات و ئانوساتی پێشهات و هەواڵ و پاڵەوانیەتیی یارییەکانی دیکە، تیشکیان دەخرێتە سەر و پشکیان پاشگوێ ناخرێ، ئامانج لێی دانەبڕانی خوێنەرانە لە هەواڵ و ئاگەییە وەرزشییەکان و پەیبردنە بە سووچ و پەناکانی هەواڵە شاراوە و ئاشکرانەکراوەکان.**

### دوو ئەستێرەی ریاڵ مەدرید بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ بەشداری ناکەن

کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕاهێنەری یانەی ریاڵ مەدرید، پێکهاتەی یانەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لیڤەرپوول، بڵاو کردەوە، کە ئەمڕۆ لە گەڕی چوونی قۆناغی نیوەی کۆتایی چامپیۆنس لیگ، هەردوو یانە ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە.

ئەنچیلۆتی، هەردوو یاریزان تۆنی کرووسی ئەڵمانی و ئۆریلین چوامینی فەرەنسی بەشداری پێ ناکا، هۆکارەکەشی تووشبونیانە بە پەسیوی.

ئیستیڤان کۆڤاکس، ناوبژیوانی ڕۆمانی، یارییەکە بەڕێوە دەبات، کە وەرزی ڕابردوویش هەمان ناوبژیوان یارییەکی نێوان ڕیاڵ مەدرید و مانچستەر سیتیی لە چامپیۆنس لیگ بەڕێوە برد، کە ریاڵ مەدرید بە ئەنجامی ٣-٤ گۆڵ دۆڕا.

لە یاریی کۆتایی وەرزی ڕابردووی چامپیۆنس لیگیشدا، ریاڵ مەدرید بە ئەنجامی ١-٠ گۆڵ لە لیڤەرپوولی بردەوە، هەربۆیە لۆکا مۆدریچ، یاریزانی ناوەڕاستی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی، گوتی: لیڤەرپوول بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێ.

لۆکا مۆدریچ، یاریزانی کرواتی یانەی ریاڵ مەدرید، لەبارەی یارییەکەی ئەمڕۆی نێوان یانەی ریاڵ مەدرید و لیڤەرپوول، کە لە چوارچێوەی یاریی چوونی قۆناغی چارەکی کۆتاییی چامپیۆنس لیگ ئەنجام دەدرێ، ئاخاوت و ڕۆژنامەی میرەڕی بریتانی دەقی قسەکانی بڵاو کردەوە، کە لە بەشێکیدا ڕایگەیاندووە: دەزانین لیڤەرپوول به دوای ئەوەیە تۆڵەمان لێ بکاتەوە، ئەمە کارێکی سروشتییە دوای ئەنجامەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو یانە، بەڵام ئێمە بۆ دوو یاریی چارەنووسساز ئامادەین، دەشبێ وابێ کاتێک دوو تیپی گەورەی ئیسپانیا و ئینگلتەرا ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، پێم وایە کە ئێمە قۆناغەکە دەبڕین.

### ئایا مارسێلۆ دەچێتە نەسری سعوودی؟

دوای هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی ئۆلیمپیاکۆسی یۆنانی، دەنگۆی ڕۆیشتنی مارسێلۆی یاریزانی بەڕازیلی بۆ یانەی نەسری سعودی بڵاو کرایەوە.

پێش ماوەیەک، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بۆندی لەگەڵ یانەی نەسری سعودی کرد و بڵاو کرایەوە کە دەیەوێ هاوڕێکانی پێشتریشی بباتە ئەو یانەیە، لەوانە لۆکا مۆدریچ، کەریم بنزما و مارسێلۆ.

مارسێلۆ، دوای هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکەی، دەتوانێ بچێتە هەر یانەیەکی دیکە و دەتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ یانەی نەسری سعوودی بکات.

فاریزسیۆ ڕۆمانۆ، شارەزای بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان، لە تویتێکدا ڕوونی کردەوە، کە هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان مارسێلۆ و یانەی نەسر لە ئاستی ئێستادا نییە، بۆیە هێشتا ئەو بژاردانەی لەبەردەمدان بۆ هەڵبژاردن یەکێک لەو ئۆفەرانەی بۆی چوون و بۆی دەچن.

**مامەیارە ئەحمەد - هەولێر**

# زۆرترین هەواڵ بە کەمترین وشە

* ئەمڕۆ سێشەممە لە قۆناخی ١٦ـی چامپیۆنزلیگ دوو یاریی دەکرێن: (لیڤەرپوول ـ ریال مەدرید) کات ١١:٠٠ـی شەو، (ئینتراخت فرانکفۆرت ـ ناپۆلی) کات ١١:٠٠ـی شەو.

* جۆلیان نایگلسمان ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشن: هەرگیز ناتوانیت بۆ ماوەی ٩٠ خولەک مێسی بوەستێنیت، بەڵام تەنیا دەتوانین وەکو تیپ بە کۆمەڵ ئەو کارە بکەین و ڕێگری لێ بکەین تۆپ بۆ مباپێ بنێرێت.

* چاڤی هێرناندێز ڕاهێنەری یانەی بارسێلۆنا: بە ڕاشکاوانە دەڵێم یانەی کادێز دەبووایە بە لایەنی کەم گۆڵێک لە ئێمە تۆمار بکات، تێر شتیگن وەک هەموو کات توانی بە باشی یاریمەتیمان بدات، هەشت خاڵ جیاوازیمان لەگەڵ ریا مەدرید هەیە، بەڵام یاری زۆر ماوە پێویستە هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی خاڵ لەدەست نەدەین، لیڤاندۆڤسکی زۆر خۆی ماندوو دەکات، ئەو دەتوانێ بەرگەی فشار بگرێت و گۆڵ تۆمار بکات، یاریزانێێکی مەزنە.

* فابریزیۆ ڕۆمانۆ پەیامنێری کەناڵی سکای سپۆرتسی ئیتاڵیا: یانەی نەسڕی سعوودیە لە گواستنەوەی مارسێلۆی بەرگریکاری بەرازیلی نزیک بووەتەوە.

* خۆزێ بیلسا پسپۆڕی خۆراکی یانەی نەسڕی سعوودیە: لەوساتەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ هاتووەتە یانەکە، سەرجەم یاریزانان گۆڕاون و هاوشێوەی کریستیانۆ سیستەمی خواردن پەیڕەو دەکەن و مەشقی چڕ و پڕ دەکەن و گرینگی زیاتر بە جەستەیان دەدەن.

* خۆزێ بیلسا پسپۆڕی خۆراکی یانەی نەسڕی سعوودیە: لە سەرەتای پەیوەندیکردنی کریستیانۆ بە یانەی نەسڕ لە بارەی سیستەمی خۆراکی و شێوازی بەسەربردنی پشووەکانی قسەم لەگەڵی کرد، زۆر سەرسام بووم، بۆم دەرکەوت ئەو باشترینی مێژووە، یەکەمین کەس دەگاتە شوێنی مەشقەکان و دوایین یاریزانیش یانەکە جێدەهێڵێت، کەسێکی تەواو تێگەیشتوو و خوێندەوارەوە، بە شێوەیەکی زانستیانە خواردنی جۆراوجۆر و تەندروست دەخوات بۆیە بەردەوام باشترین وزەی بۆ ڕاهێنانەکان هەیە.

* خۆزێ بیلسا پسپۆڕی خۆراکی یانەی نەسڕی سعوودیە: هیچ یاریزانێکم لە ژیانی خۆمدا هێندەی کریستیانۆ پیشەگەر و تێگەیشتوو نەبینیوە، هەرکاتێک گفتووگۆیەکی لەگەڵ دەکەم دەبێتە ئەزموونێکی فێرکاری بۆ من، ئیتر من ناتوانم هیچ شتێک فێری کریستیانۆ بکەم، بە پێچەوانەوە ئەو ئێستا یارمەتی من دەدات.

* لە دوایین یاری پاریس سانجێرمان بەرامبەر لیل نێیمار داسیلڤا تووشی پێکانێکی قورسبوو، نێیمار ئەگەرچی توانی گۆڵێک تۆمار بکات، بەڵام لە خولەکی ٥١ لە پاژنەی پێی تووشی پێکانێکی قورس هات و بەم هۆیە ڕاستەوخۆ گەیاندرایە نەخۆشخانە، ئەگەرچی دەنگۆی ئەوە هەیە تا کۆتایی ئەم وەرزە نەگەڕێتەوە یاریکردن، بەڵام هیوایەکیش هەیە کە پێکانەکەی قورس نەبێت زووتر بگەڕێتەوە یاریکردن، بەڵام ئەوە دووپات کراوەتەوە نیمۆ لە دوو یاری داهاتووی سانجێرمان بەرامبەر مارسێ و بایرن میونشن ناتوانێت یارمەتی شازدەکان بدات، ئەمە چوارەمجارە نێیمار لەگەڵ پاریس سانجێرمان تووشی پێکانی قورس دەبێت و دووردەکەوێتەوە.

**ئەسعەد ئیسماعیل - هەولێر**

هەولێر ژمارە (٣٨٠٧) ٢٠٢٣/٢/٢١

# رۆشنبیر و دەسەڵات

حەمەسەعید حەسەن

**لە تەنگانەدا ئەوە تەنیا تۆی بە هانامەوە دێیت،**
**کە جێ نییە تێیدا بسرەوم،**
**ئەوە تەنیا تۆی دالْدەم دەدەیت،**
**ئەی وشەی جوان و بوێر.**
**ئەگەر تۆ نەبایت،**
**چۆن بەرگەی تەنیایی و غەریبیم دەگرت؟**
**ئەگەر تۆ نەبایت**
**بە چی سەنگەرم لە دەسەڵات گرتبا؟**
**بە چی تۆڵەی میللەتم لە حیزب کردباوە؟**

حەلاج چونکە خاوەنی خودی خۆی بوو، چونکە ئەوەی دەگوت کە دەبوو بیڵێت، دەسەڵات هەردوو دەست و هەردوو لاقی بڕییەوە. حەللاج وەک سیمبۆڵی گوتنی ڕاستی، بە نەمریی مایەوە، وەلێ ئەو خەلیفەیەی فەرمانی کوشتنی ئەوی دەرکرد، هیچی جوانی لەپاش جێ نەما. ڕۆشنبیر بڕوای بە چی هەبێت، ئەوە دەنووسێت، بێ ئەوەی گوێ بە زەبری دەسەڵات بدات. ڕۆشنبیر مەرج نییە بیرمەند یان فەیلەسووف بێت، بەڵام مەرجە بە پلەی یەکەم ئازادیی ئینسانی بەلاوە مەبەست بێت. ڕۆشنبیر کەسێکە بوێر، لەڕێی لێکدانەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعەوە، بۆ گۆڕانکاری هەوڵ دەدات، بڕوای بە دیالۆگ و هەبوونی جیاوازی هەیە و دەزانێت ئەوە دەسەڵاتە ئایدۆلۆجیای پیرۆز بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئینسانی لەکن پیرۆزە نەک ئەم یان ئەو فیکر.

ئەوی بیروبۆچوونی خۆی بە پیرۆز بزانێت و هەر کەس وەک خۆی بیری نەکردەوە، بە نەزان، ناپاک، یان کافری نێوزەد بکات، هەر چییەک بێت، ڕۆشنبیر نییە. خانی، حاجی قادری کۆیی، جەمیل سائیب، قانیع، عەبدولخالیق مەعرووف و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، چونکە ڕێبوارانی ڕێی حەقیقەت بوون، چونکە ڕەخنەیان دەگرت و قسەی دڵی خۆیان دەکرد، بۆیە دەتوانین بەبێ دوودڵی، بە ڕۆشنبریان لە قەڵەم بدەین. ئەوی لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزایی هەبێت و ئەو شارەزاییەی خۆی، لەبری پۆستێک و بڕێک دراو، لە قازانجی ئەم حیزب یان ئەو دەسەڵات وەگەڕ بخات، ڕۆشنبیر نییە، کەسێکی پیشەوەرە و هیچی تر. ترۆتسکی باسی شۆڕشی بەردەوامی دەکرد، هیچ شۆڕشێک بە بەردەوامی نامێنێتەوە، ئەگەر ڕۆشنبیر بخوازێت، هەر بە ڕۆشنبیر بمێنێتەوە، پێویستە هەمیشە لە شۆڕشدا بێت.

ڕۆشنبیر لە بازنەی هیچ دەسەڵاتێک و لە قەفەزی هیچ حیزبێکدا گیر ناخوات، لەسەر ئەو هێڵە ناڕوات کە زۆرینە لەسەری دەڕۆن، جیاواز دەژی و جیاواز دەپەیڤێت، داب و نەریتی سەروەر ڕەت دەکاتەوە، پێش ڕووداو دەکەوێت، دوور لە پۆل دەخوێنێت و مێگەل تووشی حەپەسان دەکات. لای هەر حیزب و دەسەڵاتێک لیستی (تاریک) هەبێت، ناوی (ڕۆشن)بیری تێدایە. ئیشت چییە؟ ڕۆشنبیرم! کە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری بوو بە پیشە، ئیدی جیاوازی لە نێوان شاعیر و تاجیردا نامێنێت. ئەوە ئەو شاعیرانەی گۆرانییان بەسەر سەددام حوسەیندا هەڵدەگوت، کە ئەو قارەمانە (مەزنە) یان لەو کونە (بچووکە)دا بینی، چۆن یەکسەر لاڵ نەبوون!

ڕۆشنبیر کەسێکە شارەزاییەکەی لەپێناوی سوودی خەڵکدا و بۆ جوانترکردنی ژیان تەرخان بکات، بەبێ ئەوەی گوێ بە قازانجی خۆی بدات. ڕۆشنبیر کەسێک نییە زەندەقی لەم دەسەڵاتدار یان ئەو سەرکردە چووبێت، کەسێکە چونکە چەکی مەعریفەی پێیە، دەسەڵاتداران لێی دەترسن. ڕۆشنبیر نە خاوەنی پۆستی باڵایە، نە خەرمانی دراو، تەنیا وشەی جوان و بوێر شک دەبات، وەلێ وشەکانی هێندە کاریگەرییان هەیە، دەسەڵات و دراوداران ئیرەیی پێ دەبەن. ئەم و ئەو لەڕێی دەسەڵاتەوە، دەبن بە خاوەنی سامان و ئەگەر خاوەنی سامان بن، دەسەڵاتیش پەیدا دەکەن، دەسەڵات و سامان دوو ڕووخساری یەک دراون، ئەگەر ڕۆشنبیر بە دراو بچوێنین، ئەوا دوو ڕووخسارەکەی، یەکێکیان مەعریفەیە و ئەوەی تریان بوێری. ڕۆشنبیر بە زمانێکی باڵا بانگ دەدات، ئاخر بە زمانێکی ڕووت و ڕەجاڵ، ژیان دەوڵەمەند ناکرێت، ئاخر فیکری ڕەخنەگرانە، حەوجەی بە زمانێکی جوانە.

هەنریک هاینە گوتوویەتی: "لە هەر جێیەک کتێب بسووتێنرێت، ئینسانیش دەسووتێنرێت." هیتلەر سەرەتا کتێبی سووتاند، دواتر کەوتە سووتاندنی ئینسان. سەرەتا کولتووری ئەڵمانیای لە کتێبی (زیانبەخش و نامۆ) پاکژ کردەوە، دواتر بۆ خاوێنڕاگرتنی خوێنی ئەڵمان، کەوتە سووتاندنی قەرەج و جوو. هیتلەر کتێبی هەموو ئەوانەی سووتاند، کە شیاوی ئەوە بوون و ئەوەن، ئەڵمانیا شانازییان پێوە بکات، ئیدی هەر لە کتێبەکانی مارکس و هاینە و تۆماس مانەوە تا ئەوانەی ڕێمارک و برێخت و توخۆلسکی. سەددام کتێبی نەدەسووتاند، داهێنەرانی وڵاتبەدەر دەکرد و مافی عێراقیبوونی لێ دەسەندنەوە. هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی شیاوی ئەوە بوون، عێراق شانازییان پێوە بکات، لە کۆماری بەعسدا جێیان نەدەبووەوە. کۆماری بەعس (لە وڵاتێکی دوو قات دەچوو، قاتی ژێرەوەی کۆقەبر و قاتی سەرەوەی زیندان بوو.) ئەو نووسەرانەیشی لە چنگی بەعس قوتار بووبوون و هەڵاتبوون، چونکە داوی پێوەندییان بە خوێنەرانیانەوە پسابوو، گوڵی بەهرە و تواناییان لە تاراوگە سیس هەڵگەڕا، ئاخر ئاو چەند پێویستە بۆ ماسی، خوێنەریش هێندە بۆ نووسەر پێویستە.

دەسەڵاتداری تاریکبیر تەنیا ئەوانە بە ڕۆشنبیر دەزانێت کە زوڕنای بۆ لێ دەدەن، هەر کەس وەک خۆی بیر نەکاتەوە، بە نەزان و تەنانەت بە ناپاکیشی نێوزەد دەکات. لە ڕوانگەی دەسەڵاتداری تاریکبیرەوە، ئەگەر کۆلکەنووسەرێک وابەستەی دەسەڵات بێت، هەم خاوەنی مەعریفەیە، هەم نیشتمانپەروەریشە، وەلێ ئەگەر نووسەرێکی مەزن سەربەخۆ بێت، هەم نەزانە، هەم ناپاکیش! لای ئەو نووسەری یاخیبوو، جاهیلە و ناپاک، نووسەری کەوی زانایە و دڵسۆز. ئەگەر دەسەڵاتدار خۆی بە دەمڕاستی ئیسلام بزانێت، ئەوا نووسەری یاخیبوو جاهیلە، ناپاکە و کافریش، وەلێ نووسەری وابەستە، زانایە، دڵسۆزە و باوەڕداریش. دەسەڵاتدارێک بڕوای بە جیاوازی، فرەدەنگی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت، نە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی ڕۆشنبیری دەبێت، نە هەوڵی کەویکردنی ڕۆشنبیران دەدات.

ئەوانەی دژی هیچ تاوانێکی دەسەڵات دەنگ هەڵنابڕن، دەشێت چیرۆکنووس یان شاعیر بن، بەڵام ڕۆشنبیر نین. ئەوی خوازیار بێت بە ڕۆشنبیر بمێنێتەوە، دەستکەوت و پۆست لە خشتەی نابەن. نیازی دەسەڵات ڕوونە، بە مەبەستی کەویکردن، پۆست و دەستکەوت پێشکەشی ڕۆشنبیر دەکات. دەسەڵات دەخوازێت پێوەندیی لەگەڵ ڕۆشنبیردا، وەک پێوەندیی دەنگ و دەنگدانەوە وابێت، ڕۆشنبیر ئەوە بڵێت کە دەسەڵات دەیخوازێت. کە دەسەڵات ڕۆشنبیرانی کەوی کرد، ڕۆشنبیری هەرەس دەهێنێت، ئاخر ڕۆشنبیری کەویکراو، دەنگی خۆی بزر دەکات، دەنگی دەبێت بە زایەڵەی دەنگی دەسەڵات و ڕۆشنبیرییەکی تێکشکاو بەرهەم دەهێنێت. ڕۆشنبیر با وابەستەیش نەبێت، ئەگەر بێدەنگیی هەڵبژارد، بەشداریی لە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی تێکشکاودا دەکات.

ڕۆشنبیر دوور لە دەسەڵات و بەشێوەیەکی سەربەخۆ، ڕەخنە دەگرێت و لە بەرانبەر پرۆژەی دەسەڵاتدا، پرۆژەی خۆی پێیە، لە بەرانبەر کۆنەپارێزاندا، پرۆژەیەکی پێشکەوتنخوازانەی پێیە، بەرانبەر پرۆژەی سەرمایەداران، پرۆژەیەکی پێیە داکۆکی لە خواستی هەژاران دەکات، لە بەرانبەر پرۆژەی پاشکۆیەتی بۆ عێراقدا، پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی پێیە و لە بەرانبەر پرۆژەی بەستنەوەی دەوڵەت بە ئایینەوە، پرۆژەی قوتارکردنی دەوڵەت لە ئایینی پێیە. ئەندریە مالْرۆ ئەو ساڵانەی وەزیری ڕۆشنبیری بوو، کە بەشێک بوو لە دەسەڵات، هەم وەزیر و هەم ڕۆشنبیریش بوو، ئەدی بۆچی دەڵێن: ڕۆشنبیر شەکرە، هەر کە لە پەرداخەئاوی دەسەڵات نزیک بووەوە، تێیدا دەتوێتەوە؟ ئاخر ئەوەی بە مالْرۆ دەکرا، ناڵێم مەحاڵە، بەڵام ئەستەمە بە ڕۆشنبیرێکی دیکە بکرێت. ڕۆشنبیر کەسێکە هەست بە نامۆیی دەکات و هەرگیز لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا ناگونجێت کە تێیدا دەژی، ناگونجێت و هەمیشە خەو بە کۆمەڵگەیەکی جوانترەوە دەبینێت.

هەیە لاقێکی لە مزگەوت و لاقەکەی دیکەی لە مەیخانەدایە، بەشێکی گرنگ لە خۆ بە ڕۆشنبرزانانی کوردیش، پێیەکیان لای دەسەڵاتە و پێیەکەی تریان لە سەنگەری دژایەتیکردنی دەسەڵاتدایە، یان بە گوتار لایەنی کولتووری ئەورووپایی دەگرن و کەچی وەک خێڵەکییەک ڕەوتار دەکەن، دروست وەک لە قورئاندا هاتووە، ڕەوتاریان لەگەڵ گوتاریاندا ناکۆکە، شتێک دەڵێن و شتێکی دیکە دەکەن.(١) بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان، تا بەعس هەرەسی نەهێنابوو، هەمان تاکتیکیان پیادە دەکرد، بەئاشکرا شۆڕشگێڕ بوون و بەنهێنی دەستیان لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ کردبوو.



ئەو ڕۆشنبیرانەیشی لە تاراوگە گیرساونەتەوە، هەست بە نەبوونی ڕەگوڕیشە دەکەن، ئاخر وەک زێدی خۆیان لەکیس چووە، نیشتمانێکی دیکەیان نەبینیوەتەوە، بۆیە وێڕای لەخۆ بێگانەبوون، وێڕای غەریبیی کولتووری و دەروونی و فیکری، نامۆییەکی تریش کە نامۆییی جێگەیی یان دوورەوڵاتییە، چنگی لە ڕۆحیان گیر کردووە.

**لەم دنیایەدا غەریبم**
**غەریبم و غەریبی دەردێکی سەختە**
**من لە خودی خۆم غەریبم**
**غەریبم و بۆ زێدی خۆم**
**هەموو دنیام تەی کرد و نەمدۆزییەوە**
**غەریبم و دنیا گەڕام**
**بەڵام تووشی کەسێک نەهاتم بمناسێت.(*)**

فارابی دەڵێت: "ئەوی لەناو خودی خۆیدا بێت، خاوەنی خودی خۆیەتی، ئەوی لەنێو ئامێرێکدا بێت، خودی خۆی هی خۆی نییە، هی کەسانی دیکەیە." حیزب ئامێرە، ئەوی لەناو حیزبدا بێت، خودی خۆی لەکیس دەچێت و لە خۆی نامۆ دەبێت. ئینسان پێش ئەوەی سەر بە خێزانێک، خێڵێک، حیزبێک، دەسەڵاتێک، ئایینێک یان وڵاتێک بێت، پێویستە سەر بە خودی خۆی بێت. نەففەری دەڵێت: "ئەگەر تایبەت وەک تایبەت ڕەوتار نەکات، دەفەوتێت." دەبێت ڕۆشنبیر کە کەسێکی تایبەتە، هەمیشە ئەو مۆچیارییەی نەففەری ڕەچاو بکات، ئەگەرنا تایبەتبوون لەدەست دەدات و دەبێت بە یەکێک لە عەوام. گەیشتن بە پلە و پایەیەکی بڵند، بەبێ ئەوەی شکۆمەندی لەدەست بدەیت، ئەستەمە، ئاخر بۆ ئەوەی لە ڕووی جێپێی چینایەتییەوە، سەر لە هەور بسویت، دەبێت داوێنت لە زەلکاودا بێت، دەبێت ناپاکی لە هەموو ئەو بەها بەرز و جوانانە بکەیت کە ساڵانێک داکۆکیت لێ دەکردن، ئاخر بۆ ئەوەی سامان ببەیتەوە، دەبێت ویژدان بدۆڕێنیت.

ڕۆشنبیر کە ڕەخنە لە واقیع دەگرێت، بەوە ڕاستەوخۆ بەگژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە، ئاخر فۆکۆ گوتەنی ئەوە دەسەڵاتە واقیع بەرهەم دەهێنێت. لە هەر کۆییەک چەوساندنەوە هەبێت، بەرەنگاربوونەوەیش دەبێت، یان وەک فۆکۆ دەبێژێت: لە هەر جێیەک دەسەڵات هەبێت، بەرەنگاربوونەوەیش دەبێت، بۆیە چیرۆکی ململانێی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر، ئەگەر ڕۆشنبیر مل بۆ دەسەڵات کەچ نەکات، چیرۆکێکە بێ کۆتایی، ئاخر وەک چۆن مێژوو بریتییە لە ململانێی نێوان چینەکان، مێژووی ڕۆشنبریش بریتییە لەو شەڕانەی لەگەڵ دەسەڵاتد ادەیانکات.

**من ئەوەندە هۆگری تۆم**
**گەر تەمەن قەرز کرابا**
**عومرێکی دیم قەرز دەکرد**
**ئەویشم هەر**
**لەگەڵ تۆدا بەسەر دەبرد**
**ئەی وشەی ناسک و ئازا**

*

**(١) یقولون ما لایفعلون.**
**(*) جوبران خەلیل جوبران.**

بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان
بەرێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی سلێمانی
(باری شارستانی)
العدد : ١ / ٢٤٣٣
التاريخ: ١٦ / ٢ / ٢٠٢٣

**الى / مؤسسة النشر والاعلانات**
**م/ إعلان**

قدم المواطن (محمد رحيم فرج) طلب فى هذه المديرية لتبديل اسمه من (محمد)الى (دابان) فى قيده لعام (١٩٥٧) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال خمسة عشرة يوما من تأريخ نشره فى الجريدة وبعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى دعوى وفق أحكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة (٢٠١٦) ... مع التقدير ..

**اللواء**
**رياض جندى الكعبى**
**المدير العام / وكالة**

---

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی
ژمارە : ٤٢٣٧
ڕێکەوت : ٢٠٢٣/٢/١٩

**ئاگادری**

لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات بۆ جاری یەکەم زیادکردنی ئاشکرا هەیە بۆ بەکرێدانی ئـەم موڵکانەی لای خوارەوە بە پێی یاسـای ژمارە (١) ی سـاڵی (٢٠٢١) هەرکەس ئارەزووی بەشـداری بوونی هەیـە ئامادەبێت لە بینای سـەرۆکایەتیمان کاتژمێر (١٠) ی سـەرلەبەیانی لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کە بە (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژنامەی (کوردسـتانی نوێ) وە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاودەبێتەوە، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشـداری زیادکردنی ئاشـکرای کرد پێویسـتە بارمتەی یاسایی بە شێوەی چەکی پەسەندکراو لە بانکی (بەختیاری) پێ بێت کە دەبێت ئەصلی پارەکە بە نەقدی دانرابێت و نوسراوی بانکەکەی لەگەڵدا بێت کە جەخت لە ئەصلی پارەکە دەکات کە بە نەقدە یان چەکی سەفتەجەی پێبێت، وە بەشداربوو مەرجە چەکی پەسەندکراو تەنها بە ناوی خۆیەوە بێت و بەو بڕەی دیاری کـراوە واتـە چەند چەکێکی جیاواز بە بڕی جیاواز و بەناوی جیاوازەوە بۆ تەواوکردنی بڕی بارمتەی دیاری کراو وەرناگیرێت، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای کرد بۆ هەر دوکانێك دەبێت بارمتەی ئەو دوکانە ببڕێت، ناکرێت بە یەك بارمتە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای دوکانەکانی تر بکات، کرێی جاڕدان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
تێبینی / بەشداربوو پێویستە قەرزاری شارەوانی نەبێت.
شوێن / بازاڕی جمعیە / ژمارەی دوکان / ٣ / ڕووبەر / ١٧ م٢ / بڕی بارمتە / ١،٠٠٠،٠٠٠ یەك ملیۆن دینار / ماوەی بەرکرێدان ٢ ساڵ .

**ليلى عمر على**
**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی**

---

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والأحوال المدنية لمحافظة اربيل
شؤون الاحوال
الواقعات
العدد:٣٨٦٤
تاريخ:٢٠٢٣/٢/٢٠

**الى/ مؤسسة النشر والاعلانات**
**م/ اعلان**

قـدم المواطن (هيژا طه مينه) دعوى في مديريتنا تسـجيل لقبه مـن (الفراغ)الى(برزنجى) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال(١٠) يوما من تاريخ نشـره في الجريدة و بعكسـه فسـوف تنظر هذه المديرية في دعوى وفق احكام المادة (٢٤) من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦...

**مع التقدير...**
**ع/ اللواء**
**رياض جندي عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية و الجوازات والاقامة/ وكالة**




ژمارە : ١٠ / ٢١٩٩
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ی کوردی
العدد : ٢٠٢٣/٢/١٠

**ئاگاداری**

ئاگاداری هاوولاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (گراج و کۆگا و معمل ١٧١ شێخ احمد) کە لە خوارەوە کە ئاماژەی پێ کراوە بۆ ئەم مەبەستە و ماوەی دیاری کراو لە خشتەی خوارەوە بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە ئەوا سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بکات (لیژنەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە و بەشی زەمینیاری / داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی لە (٢٠%) کەمتر نەبێت لەنرخی خەمڵێنراو، زیادکردنەکە لە ڕۆژی دوای تەواو بوونی (٣٠) سییەمین ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کە لە ڕۆژنـامـە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات ، پێویستە ئەوکەسەی لە مزایدە بڕیاری سپاردنی بۆ دەردەچێت لە ماوەی (٣٠)ڕۆژ کرێ ی ساڵانە بدات بەپێچەوانەوە بە پاشگەز (ناکل) هەژمار دەکرێت بەپێی ماددەی (١٩) لەیاسای ئاماژە پێدراوی سەرەوە ڕێکاری یاسایی بەرانبەر دەگیرێتەبەر هەروەها پێویستە دوای دانی کرێ ی ساڵانە پاکانەی باجی دەرامەت پێشکەش بکات و لەهەمان ماوەدا ئامادەبێت بۆ واژووکردنی گرێبەست بە پێچەوانەوە بە پاشگەز(ناکل) هەژماردەکرێت بەپێی ماددەی (٢٠) لە ڕێنماییەکانی دارایی ژمارە(٥) پێداچوونەوە دەکرێت لە کرێی ساڵانە هەر (٤) چوارساڵ جارێک بۆ بەرژەوەندی شارەوانی نەک بۆ خواستی کرێ گرتە تێچووی (گۆزمە)بانگ کردن و بڵاوکردنەی ئاگاداری و کرێ ی خزمەتگوزاری بە ڕێژەی (٢%) لە کۆی کرێ ی ساڵانە بەپێ ی ماددەی (٣٥) برگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هاووڵاتیەی کە زیاد کردنی بۆ دەردەچێ.

تێبینی : ئەوەی بەشداری زیاد کردنەکا دەکا دەبێی پشتگیری ئەنجومەنی پیشەوەرانی بیناسازی باکوور (١٧١ ) ی شێخ احمدی هەبێت.

| ژ | شوێن | جۆری بەکارهێنان | ماوەی بە کرێدان | سنووری شارەوانی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٧١ شێخ احمد | کۆگا / گراج / معمل | چوار ساڵ | ٣ |

ئەندازیار
عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

---

## ئاگاداری

ئاگاداری گشـــت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ELECTRIC LAND) بـــۆ (بازرگانـــی گشـــتی و کـــەل و پەلی ناوماڵ / ســـنوردار) بریاری گۆرینـــی (نـــاو) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیـــای (ELECTRIC LAND) بۆ کۆمپانیای (جزیرة الأمانی) بۆیە هەر کەســـێك نارەزایـــی یان مافێکی لەســـەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ســـەردانی بەرێوەبەرایەتی گشـــتی تۆمارکردنی کۆمپانیـــاکان بکاتەوە لە شاری (هەولێر ـ ١٠٠م - جووت سایدی برایەتی – بەرامبەر بەندینخانەی چاکســـازی) بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان .

**پشتیوان مصطفی قادر**
**بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر**

## ئاگاداری

ئاگاداری گشـــت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (China Sky) بۆ (تجـــارة عامة/محدودة) بریـــاری گۆرینی (نـــاو) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (China Sky) بۆ کۆمپانیای (Silver River) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاســـایی ســـەردانی بەرێوەبەرایەتی گشـــتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شـــاری (هەولێـــر ـ ١٠٠م - جووت ســـایدی برایەتی – بەرامبەر بەندینخانەی چاکسازی) بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان .

**پشتیوان مصطفی قادر**
**بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر**

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای بازرگانی هەولێر
ژمارە: ١٨٢/بازرگانی/٢٠٢٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/٢/١٩

**پێراگەیاندن**

**بۆ داوالێكراو (چەتۆ حاجی ابراهیم)**

داواكار (احمد زنتوت/بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی كۆمپانیای NORTH ZANTIRE/سەرەرای كارەكەی) داوای ژمارە (١٨٢/بازرگانی/٢٠٢٢)ی لەم دادگایە تۆماركردووە لەسەر داوالێكراو (چەتۆ حاجی ابراهیم) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٣/١/٢٦) بڕیاری دا بە پابەندكردنت بە دانی بڕە پارەی (٢٥٠,٠٠٠$) دوو سەد و پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریكی بەرامبەر بە (٣٧٠,٢٥٠,٠٠٠) سێ سەد و حەفتا ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی لە بری بەهای مولكی ژمارە (١/٤ ك ٣٦ شێراوە) بە داواكار (احمد زنتوت/بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی كۆمپانیای NORTH ZANTIRE/سەرەرای كارەكەی)، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ی نووسراوی ئیشعاری موختاری (هەولێر / گوندی شێراوە) لە (٢٠٢٢/٧/١٧) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بە پێچەوانەوە بڕیارەكە پلەی بنەبڕ وەردەگرێت .

**دادوەر**
**تەرزە سالار عثمان**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری كەسی سۆران
ژمارە:٤٠٤/ش/٢٠٢٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/١/١٢

**بۆ/ داوالێكراو (جوامیر علی حسن) شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە**

ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢١/٦/٢٣) لە دوای ژمارە (٤٠٤/ش/٢٠٢٢) بە پاشملە بڕیاری داوە بە بژێوی نێوان داواكار (نزاكەت عالی احمد) و داوالێكراو (جوامیر علی حسن) لە (٢٠٢٢/١٢/٢٠) و بڕیارەكەش شیاوی نارەزایی و پێداچوونەوەیە، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت دەكاتەوە بە بڕیارەكە كەو بۆت هەیە لە ماوەیی یاسایدا تانەی لێبدەیت ئەگینا بڕیارەكە پلەی كۆتایی وەردەگرێت.

**دادوەر**
**عبدالله عبدالرزاق عبدالله**

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی سۆران
تێبینەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی رواندز
نموونەی ژمارە (٢٨) تۆماركردنی خانووبەرە

**بەپێی ئەو داواكاریەی لە ڕێكەوتی ١٦-٢-٢٠٢٣ پێشكەش بە تێبینەرایەتیەكەمان كراوە بۆ سەر لەنوێ تۆماركردنی**

خانووبەرەی زنجیرە (٢٢٥٠) گەڕەكی (قەڵای رواندز) بەناوی هاوڵاتی (عیسی محمد خضر) كە لەژێر دەستیانە بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی و مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارێتیەكەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆماركردنی خانووبەرەی (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربكرێت، جا هەر كەسێكی پەیوەندی هەبێت یان مافێكی دیاری كراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠)سی ڕۆژ لەرۆژی دوای بڵاوكردنەوەكە بەڵگەو قەواڵەی خۆی پێشكەش بە تێبینەرایەتیەكەمان بكات و لە كاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای كۆتایی ماوەی ئەو بڵاوكردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەكە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەكانی لەكاتی ئەنجام دانی ئەو نۆرینە كە لەو ڕۆژەی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

**تێبینەر**
**چنار ابراهیم احمد**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری كەسێتی سلێمانی / ٤
ژمارە : ٧٣٠٤/ ش / ٢٠٢٢
بەروار : ٢٠٢٣/٢/١٤

**ئاگانامە**

داواكار : بەختیار عبدالكریم فقی علی
داوالەسەركراو : بەناز محمود رشید

داواكار (بەختیار عبدالكریم فقی علی ) داوایەكی بە ژمارە (٧٣٠٤/ ش / ٢٠٢٢) لەم دادگایە تۆماركردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (برینی بژێوی منالّ) دەكات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاریدا ئاگادارتان بكاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی كە دەكەوێتە (٢٠٢٣/٢/٢٧) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی، بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریكار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواكە ئەبینێ بەپێی یاسا .

**دادوەر**
**كامەران رسول سعید**

---

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
عدد: ٣٧٢٨
تاريخ: ٢٠٢٣/٢/١٩

**اعلان**

قدم المواطن (جبار احمد حمد) دعوى تبديل لقبه من (بلباس) الى (حمد) فمن لدية اعتراض المراجعة خلال (١٥) يوم من تاريخ نشرة في الجريدة وبكعسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق أحكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية الرقم (٣) لسنة (٢٠١٦)

**ع/اللواء**
**رياض جندى عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة /وكالة**

---

**ونبوون**

دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێلی جۆری (جیب شیروكی) بە ناوی (تحسین یاسین ویسی) ژمارەی ئۆتۆمبیل (١٢٦١ ٢٢ A/تایبەت) ڕەنگی (سپی) مۆدیل (٢٠١٤) ژمارەی لاشە (1C4RJEBG3EC453327) ونبووە . جا هەر كەسێك دۆزیەوە با بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .

---

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
شؤون الاحوال
الواقعات
عدد: ٣٦٩٠
تاريخ: ٢٠٢٣/٢/١٩

**اعلان**

قدم المواطن (فاخر عالي عبابكر) دعوى في مديرتنا تسجيل لقبه من (الفراغ) الى (ميرخان) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال (١٠) يوم من تاريخ نشرة في الجريدة وبكعسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق أحكام المادة (٢٤) من قانون البطاقة الوطنية الرقم (٣) لسنة (٢٠١٦)

**ع/اللواء**
**رياض جندى عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة /وكالة**

---

مديرية الجنسية العام لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
شؤون الاحوال
الواقعات
العدد : ٣٠٧٥
التاريخ : ٢٠٢٣/٢/١٢

**إعلان**

قدمت المواطنة (غەمبار حسن محمد) دعوى تبديل اسمها من (غەمبار) الى (احمد) فمن لدية اعتراض المراجعة خلال (١٥) يوم من تاريخ نشره فى الجريدة وبعكسة فسوف تنظر هذه المديرية وفق أحكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة (٢٠١٦)

**ع /اللواء**
**رياض جندى عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة**

---

**ونبوون**

ناسنامەی قوتابی كۆلیژی پەروەردە بەشی بایۆلۆجی قۆناعی (٤) بە ناوی (اسراء حسن حسین) ونبووە، جا هەر كەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ كردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٢/٣٤١٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/٢/١٥

**ئاگاداری**

بۆ قەرزار (فرهاد محسن احمد) شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەنی هەمیشەیی یا كاتی هەلبژێردراوتان نیە بۆ پێراگەیاندنتان، لەبەر ئەوە بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێ بەجێ كردن بریاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەكی ناوخۆ ئاگادار بكرێنەوە بە بریاری گلدانەوەی جێ جێ بەجێ كردن (الحجز التنفيذي) لەسەر (٣٢/٤٣١٦ ك ٤٤ وارش) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە دوای بلاوكردنەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٣٦,٥٧٤,٥٠٠) دینار بۆ خاوەن قەرز (مصرف وقفلر) بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (٣٢/٤٣١٦ ك ٤٤ وارش) ئاماژە پێ كراو بە پێ ی یاسا.

**نسرين رحيم تالە**
**جێ بە جێ كاری داد**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری كەسێتی سلێمانی / ٤
ژمارە : ٦٤٦٥/ ش / ٢٠٢٢
بەروار : ٢٠٢٣/٢/٢٠

**ئاگانامە**

داواكار : چیا جلال مەعروف
داوالەسەركراو : ڕێكەوت عەزیز حسن

داواكار (چیا جلال مەعروف ) داوایەكی بە ژمارە (٦٤٦٥/ ش / ٢٠٢٢) لەم دادگایە تۆماركردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆكاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەكات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاریدا ئاگادارتان بكاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی كە دەكەوێتە (٢٠٢٣/٣/٦) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی، بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریكار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواكە ئەبینێ بەپێی یاسا .

**دادوەر**
**كامەران رسول سعید**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری كەسێتی سلێمانی / ٣
ژمارە : ٥٤٩٦/ ش / ٢٠٢٢
بەروار : ٢٠٢٣/٢/٦

**ئاگانامە**

داواكار : ایناس یاسین قادر
داوالەسەركراو : بەختیار كریم فقی شریف

داواكار (ایناس یاسین قادر ) داوایەكی بە ژمارە (٥٤٩٦/ ش / ٢٠٢٢) لەم دادگایە تۆماركردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆكاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەكات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاریدا ئاگادارتان بكاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی كە دەكەوێتە (٢٠٢٣/٤/١٢) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی، بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریكار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواكە ئەبینێ بەپێی یاسا .

**دادوەر**
**سەروەر علی جعفر**

---

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
عدد: ٣٧٢٦
تاريخ: ٢٠٢٣/٢/١٩

**اعلان**

قدم المواطن (دانا جبار احمد) دعوى تبديل لقبه من (بلباس) الى (حمد) فمن لدية اعتراض المراجعة خلال (١٥) يوم من تاريخ نشرة في الجريدة وبكعسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق أحكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية الرقم (٣) لسنة (٢٠١٦)

**ع/اللواء**
**رياض جندى عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة /وكالة**

---

دادگای باری كەسایەتی بەردەرەش
ژمارە: ٦/ش/٢٠٢٣
ڕێكەوت : ٢٠٢٣/٢/١٥

**جاردان**

**بۆ / داوالێكراو (كاروان دینو یاسین) شوێنی دانیشتووی نادیار.**

داواكار (نور نعمة عبید) داوای شەرعی ژمارە (٦/ش/٢٠٢٣) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار كردووە كە داواكە بریتیە (تفریق) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بە پێی نووسراوی بنكەی پۆلیسی بەردەرەش ژمارە (٣٨٥/٦) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٣/١/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە ڕۆژی دادبینی لە ڕێكەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٨ بە پێچەوانەوە دادبینی وەكو پێویست ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا لە گەل ڕێزدا .

**دادوەر**
**فراس عبدالقادر عبدالستار**

---

دادگای باری كەسایەتی بەردەرەش
ژمارە:٣٦/ش/٢٠٢٣
ڕێكەوت : ٢٠٢٣/٢/٥

**جاردان**

**بۆ / داوالێكراو (انعام عریان دده علی) شوێنی دانیشتووی نادیار.**

داواكار (زاهر محمد عبدالرحمن) داوای شەرعی ژمارە (٣٦/ش/٢٠٢٣) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار كردووە كە داواكە بریتیە (انقاض النفقة) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بە پێی نووسراوی بنكەی پۆلیسی بحركە ژمارە (٤٨٦) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٣/١/٢٢ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە ڕۆژی دادبینی لە ڕێكەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٧ بە پێچەوانەوە دادبینی وەكو پێویست ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا لە گەل ڕێزدا .

**دادوەر**
**فراس عبدالقادر عبدالستار**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای كەتنی عەنكاوە
ژمارە: ٧٩٢/ك/٢٠٢٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (انس حسین مالك)**
**ئاگاداركردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەمای دادگای سزا. ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژانەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەر دەم ئەم دادگایە كە تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان لە ڕێكەوتی (٢٠٢٣/٦/٧) كاتژمێر (٩:٣٠) بۆ دادگایی كردنت بە پێچەوانەوە بریار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ .

**دادوەر**
**د. بەختیار غفور حمدامین**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای كەتنی عەنكاوە
ژمارە: ٦٥٦/ك/٢٠٢٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (نوزاد ازاد سلطان)**
**ئاگاداركردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەمای دادگای سزا. ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژانەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەر دەم ئەم دادگایە كە تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان لە ڕێكەوتی (٢٠٢٣/٤/٦) كاتژمێر (٩:٣٠) بۆ دادگایی كردنت بە پێچەوانەوە بریار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ .

**دادوەر**
**د. بەختیار غفور حمدامین**

---

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای كەتنی عەنكاوە
ژمارە: ٣١٥/ك/٢٠٢٢
ڕێكەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (مسلم محسن احمد)**
**ئاگاداركردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەمای دادگای سزا. ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژانەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بكاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەر دەم ئەم دادگایە كە تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٢١ چەك) لە یاسای سزادان لە ڕێكەوتی (٢٠٢٣/٦/٧) كاتژمێر (٩:٣٠) بۆ دادگایی كردنت بە پێچەوانەوە بریار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ .

**دادوەر**
**د. بەختیار غفور حمدامین**

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە: ٧٤٠/ك/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (عبدالله عثمان میرزا)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەمای دادگای سزا. ئەم دادگایە بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەر دەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای سزادان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٨) کاتژمێر (٩:٣٠) بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ .

**دادوەر**
**د. بەختیار غفور حمدامین**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە: ٧٠٤/ك/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (خالد صبیح حمدامین)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنەمای دادگای سزا. ئەم دادگایە بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەر دەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٤٣٢) لە یاسای سزادان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣٠) کاتژمێر (٩:٣٠) بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە بڕیار بە پاشملە لەسەرت دەردەچێ .

**دادوەر**
**د. بەختیار غفور حمدامین**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی دووەم لە هەولێر
ژمارە: ٣٠٨/ج٢/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/٦

**بۆ/تۆمەتبارانی هەلاتوو (جمیل علی حسن و سلیم صباح حسن)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بە پێی مادە (٤٠٦) لە یاسای سزادان وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا، بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێ ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەر دەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٧/٩) وە بە پێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە شێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سرکوت طە رسول**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ١٤٢/ك.س/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هیمان علی چوکلی)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزا، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٤/١٢) بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٣٠ — ٩٩) لە یاسای (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بە شێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بە گوێرەی ڕێساکان .

**دادوەر**
**کاوە صدیق حسین**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٤٧/ك.س/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (مزگین حسن حسین)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزا، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٤/١٢) بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٣٠ — ٩٩) لە یاسای (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بە شێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بە گوێرەی ڕێساکان .

**دادوەر**
**کاوە صدیق حسین**

---

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی
ژمارە : ٤٢٣٦
ڕێکەوت : ٢٠٢٣/٢/١٩

**ئاگادری**

لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات بۆ جاری یەکەم زیادکردنی ئاشکرا هەیە بۆ ئەم موڵکانەی لای خوارەوە بە پێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٢١) هەرکەس ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە ئامادەبێت لە بینای سەرۆکایەتیمان کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کە بە (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاودەبێتەوە، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای کرد پێویستە بارمتەی یاسایی بە شێوەی چەکی پەسەندکراو لە بانکی (بەختیاری) پێ بێت کە دەبێت ئەصلی پارەکە بە نەقدی دانرابێت و نوسراوی بانکەکەی لەگەڵدا بیچت کە جەخت لە ئەصلی پارەکە دەکات کە بە نەقدە یان چەکی سەفتەجەی پێبێت، وە بەشداربوو مەرجە چەکی پەسەندکراو تەنها بە ناوی خۆیەوە بێت و بەو بڕەی دیاری کراوە واتە چەند چەکێکی جیاواز بە بڕی جیاواز و بەناوی جیاوازەوە بۆ تەواوکردنی بڕی بارمتەی دیاری کراو وەرناگیرێت، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای کرد بۆ هەر دوکانێك دەبێت بارمتەی ئەو دوکانە ببیرێت، ناکرێت بە یەك بارمتە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای دوکانەکانی تر بکات، کرێی جاڕدان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
تێبینی / بەشداربوو پێویستە قەرزاری شارەوانی نەبێت.
شوێن / بازاڕی دەبۆکە / ژمارەی کۆشك / ٧٠ / ڕووبەر / ١،٥٣ م٢ / بڕی بارمتە / ٤٢٠،٠٠٠ چوارسەدو بیست هەزار دینار / ماوەی بەرکرێدان ٢ ساڵ .

**لیلی عمر علی**
**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ١١٥/ك.س/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سوران عمر اسماعیل)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزا، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٤/١٢) بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٣٠ — ٩٩) لە یاسای (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بە شێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بە گوێرەی ڕێساکان .

**دادوەر**
**کاوە صدیق حسین**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٤٣/ك.س/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ابراهیم جعغر معروف)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزا، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٤/١٢) بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٣٠ — ٩٩) لە یاسای (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیار دەبیت بۆیە دادگایی کردنت بە شێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بە گوێرەی ڕێساکان .

**دادوەر**
**کاوە صدیق حسین**

---

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە: ١٧٩٢/ك٣/٢٠٢٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/١٣

**بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (UMIT SINGEZ)**

**ئاگادارکردنەوە**

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادایارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٢٨) بەمەبەستی دادگای کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسای (سزادان) و تایبەت بە سکاڵای دادخواز (ئالان محمد فرید نورالدین) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبی بەرامبەر یاسا.

**دادوەر**
**ئومید محسن حمد امین**

---

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والأحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
العدد:٣٦٢٩
تاريخ: ٢٠٢٣/٢/١٦

**الى/ مؤسسة النشر والاعلانات**

**م/ اعلان**

قدم المواطن (يادگار عبدالله علي) دعوى تبديل اسم ابنته من (ساوه)الى (ساوان) فمن لديه اعتراض مراجعة خلال(١٥)يوم من تاريخ نشره في الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذا دعوى وفق احكام المادة (٢٢) من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦...
مع التقدير...

**ع/ اللواء**
**رياض جندي عبدالكاظم**
**مدير الاحوال المدنية و الجوازات والاقامة/ وكالة**

---

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە : ٦٢٩٧/ ش / ٢٠٢١
ڕێکەوت : ١٦ / ٢ / ٢٠٢٣

**ئاگانامە**

داواکار : جوان حسن محمد: ناونیشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : عبدالرزاق شریف عبدالله : ناونیشان : نادیارە
داواکار (جوان حسن محمد) داوایەکی بە ژمارە (٦٢٩٧/ ش / ٢٠٢١) تۆمارکردووە و لەبەرواری (٢٠٢٢/١٢/٧) دادگا بڕیاریدا بە (پێدانی بژێوی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پیاچونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.

**دادوەر**
**سۆران ابراهیم عارف**

---

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی
ژمارە : ٤٢٣٦
ڕێکەوت : ٢٠٢٣/٢/١٩

**ئاگادری**

لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی شارەوانی سلێمانی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات بۆ جاری یەکەم زیادکردنی ئاشکرا هەیە بۆ بۆ بەکرێدانی ئەم موڵکانەی لای خوارەوە بە پێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٢١) هەرکەس ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە ئامادەبێت لە بینای سەرۆکایەتیمان کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کە بە (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاودەبێتەوە، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای کرد پێویستە بارمتەی یاسایی بە شێوەی چەکی پەسەندکراو لە بانکی (بەختیاری) پێ بێت کە دەبێت ئەصلی پارەکە بە نەقدی دانرابێت و نوسراوی بانکەکەی لەگەڵدا بیچت کە جەخت لە ئەصلی پارەکە دەکات کە بە نەقدە یان چەکی سەفتەجەی پێبێت، وە بەشداربوو مەرجە چەکی پەسەندکراو تەنها بە ناوی خۆیەوە بێت و بەو بڕەی دیاری کراوە واتە چەند چەکێکی جیاواز بە بڕی جیاواز و بەناوی جیاوازەوە بۆ تەواوکردنی بڕی بارمتەی دیاری کراو وەرناگیرێت، بۆ هەر هاوڵاتیەك کە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای کرد بۆ هەر دوکانێك دەبێت بارمتەی ئەو دوکانە ببیرێت، ناکرێت بە یەك بارمتە بەشداری زیادکردنی ئاشکرای دوکانەکانی تر بکات، کرێی جاڕدان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
تێبینی / بەشداربوو پێویستە قەرزاری شارەوانی نەبێت.
شوێن / بازاڕی دەبۆکە / ژمارەی کۆشك / ٧٠ / ڕووبەر / ١،٥٣ م٢ / بڕی بارمتە / ٤٢٠،٠٠٠ چوارسەدو بیست هەزار دینار / ماوەی بەرکرێدان ٢ ساڵ .

**لیلی عمر علی**
**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی**



# گۆرانیی "مەرا ببووس"

خوسرەو جاف

**ئەم گۆرانییە فارسییە بەناوی "مەرا ببووس/ من ماچکە" داستانێکی دووروودرێژی هەیە، تا ئێستا کراوەتە ئازەری و ئۆزبەکی و ئەو وڵاتانەی بە فارسی دەدوێن، گەیشتووەتە کوردستانی باشووریش، بەڵام بە شێوەیەکی هەڵە.**

بەندە لەم نووسینەیدا هەقیقەتی ئەم گۆرانییەتان دەخەمە بەرچاو. لەناو برێک لە میللەتاندا ڕووداو، یان چیرۆک یان ئاهەنگ بە گوێرەی نیاز دەگوڕدرێت و دەیگۆڕن و لایان جوانترە وا بایە شیاوترە تا وەک خۆی.

ئەم گۆرانییە لە سەردەمی محەمەد ڕەزای شای پەهلەویدا وەک ئاواز و شیعر وتراوە، ئاهەنگەکەی لە لایەن " مەجیدی وەفا"بۆ دانراوە. شیعرەکەیش هی عەلی حەیدەر ڕەقابییە.

باوەڕناکەم ئەوانەی تۆزێک ئاگاداری گۆرانی و ئاهەنگ بن ئاگادارییی ئەم گۆرانییەی نەبن و برێک لە شیعرەکانیشان لەبەر نەکردووبێت. زۆر دەربارەی ئەو گۆرانییەی و شیعرەکەی وتراوە. پەروێزی خەتیبی یەکێک بووە لە هونەرمەندانی ئەو کاتە، ئەم گۆرانییەی بە دەنگی خانمێکی هونەرمەندی نەناسراو بڵاوکردووەتەوە.

ئەم گۆرانییە دەنگۆی زۆری بە دواوەیە، یەکێک لەوانە: گوایە عەقیدێکی لەشکری ئێران ئەندامی حزبی تودەی شیوعی بووە، بە ناوی "عیزەتوڵڵای سیامەک"، لە لایەن دەوڵەتەوە بڕیاری ئیعدامی بەسەردا دەدرێت، گوایە هەڵبەستەکەی ئەو نووسیویەتی، دەنگوباسێکی تریش هەر لەم ڕووەوە هەیە، گوایە سەرگورد" مقدم"ییێکی سوپای ئێران بەناوی " عەلی محەمەد موبەشری"، کە ئەویش لەبەر ئەندامبوونی لە حزبی تودەی "شیوعی" ئێران بووە و بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەردا سەپاوە، گوایە شیعری ئەو بووە.

"ناسری ئینقیتاع" لە کتاوی "پان ئێرانیستەکانی ئێران" گوایە ئەم شیعرەی بۆ کچێک نووسیوە، ناوی کچەکە تا بە ئێستا نەزانراوە.

ئەوە حاشاهەڵنەگرە ئەم گۆرانییە بە شیعری " حەیدەر عەلی ڕەقابی" تۆمار کراوە. ئەوەلێن جارێک ئەم گۆرانییەی بڵاوکراوەتەوە لە لایەن گۆرانیبێژێکی ئافرەتی ئازەری بەناوی " پەروانە" لە فیلمێکی بەناوی " ئیتهام" بڵاوبووەتەوە، هونەرپیشەژنەکە کە دەبرێت بۆ زیندان گۆرانی بۆ کچەکەی دەڵێت.

حەیدەر ڕەقابی خزموخوێشی هونەرمەندی گەورە" بێژەن تەڕەقی".

بەناوبانگترین کەسێک ئەو گۆرانییەی دووبارە وتووەتەوە " گوڵ نەڕاقی"ی بووە، کە وەک قەوان بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها زۆر لە هونەرمەندانی بەناوبانگی ئێرانی ئەم گۆرانییەیان وتووەتەوە، وەک: ویگن، عارف، مورتەزا، سیاوەش، شاهرخ و زۆری تریش، بەڵام ناتەواوە.

خەڵکەکە تەنها دووسێ بەیتی یەکەمی ئەم شیعرەیان لەبەرە، بەڵێ هەڵبەستی ئەم گۆرانییە شۆرش و ململان دەخاتە خولیاوە، لە گۆرانییەکەدا تەواوی شیعرەکە بڵاونەکراوەتەوە، لێرەدا بەندە ئەم شیعرە هەم بە فارسی و عەرەبی دەخەمە بەرچاو، هەمیش وەری دەگێڕمە سەر کوردیە حەیاتەکە تا بە وردی ڕۆشنبیرانی کورد هەر نەبێ ئەوانەی بە هەڵە دەربارەی ئەم شیعر و ئاهەنگەیان بیستووە:

**مرا ببوس، مرا ببوس**
**برای آخرین بار، تو را خدا نگهدار که می‌روم به**
**سوی سرنوشت**
**بهار ما گذشته، گذشته‌ها گذشته، منم به**
**جستجوی سرنوشت**
**در میان توفان هم پیمان با قایقران‌ها**
**گذشته از جان باید بگذشت از توفان‌ها**
**به نیمه شب‌ها دارم با یارم پیمان‌ها**
**که بر فروزم آتش‌ها در کوهستان‌ها**
**شب سیه سفر کنم، ز تیره ره گذر کنم**
**نگر تو ای گل من، سرشک غم بدامن، برای من**
**میفکن**
**دختر زیبا امشب بر تو مهمانم، در پیش تو**
**می‌مانم، تا لب بگذاری بر لب من**
**دختر زیبا از برق نگاه تو، اشک بی گناه تو،**
**روشن سازد یک امشب من**
**ستاره مرد سپیده دم، به رسم یک اشاره،**
**نهاده دیده برهم،**
**میان پرنیان غنوده بود.**
**در آخرین نگاهش نگاه بی گناهش، سرود**
**واپسین سروده بود.**
**بین که من از این پس دل در راه دیگر دارم.**
**به راه دیگر شوری دیگر در سر دارم**
**به صبح روشن باید از آن دل بردارم، که عهد**
**خونین با صبحی**
**روشن‌تر دارم...ها**
**مرا ببوس**
**این بوسه وداع**
**بوی خون می‌دهد**

زۆربەی ئەم هەڵبەستە لە گۆرانییەکاندا سانسۆر کراوە و بڵاوکردنەوەی پێ نەدراوە و خەڵکەکەیش هەر چوار بەیتی سەرەوەی بەرگوێ کەوتووە، بەندە لێرەدا تەواوی هەڵبەستەکەم بەدەستهێناوە، ئەوەسا لەبەر چاوتە، ماوەتەوە سەر ئەوەی وەربێگێڕمە سەر زمانی کوردی، تا ئەوانەی ئاگاداری ئەم گۆرانی و شیعرە نین، بیخەمە بەردەستیان، هەروەها ئاهەنگ و شیعرەکەیش وەک خۆی پێ بزانن، منیش یەکێک لەوانە بووم، کە گوایە ئەو سەرهەنگەی دوا خواحافیزی لە تاکە کچەکەی کردووە، وام تەجسووم کردبوو لە خەیاڵمدا، بەڵام هەقیقەتی شیعر و ئاهەنگەکە و واقیعەتەکەی ناچاری کردم ددان بە هەقیقەتدا بنێم، ئەگەرچی شیعرەکە وەک خۆی شۆڕشگێرانە ماوەتەو و پڕە لە هاندان و زەڕافەت و جوانی، ئەوەی دەسلمێنێ هەمیشە هەقیقەت ئەگەرچی پڕە لە تاڵی و شیرینی، بەڵام هەر وەک خۆی بێت جوانترە:

**ماچم کە وەرە ماچم کە**
**بۆ دواجار خودا پارێزگارت بێ**
**وا دەڕۆم بەرەو ئاکام**
**بەهاری ئێمە تێپەڕێ، تێپەڕبووەکان تێپەڕین**
**ئەوەسا منم بە دوای سەرەنجامدا دەگەڕێم**
**بە دوای ئاوڕدانەوەیدا، ئاوڕی بێ تاوانیی ئەو**
**دوا سروودی هۆنابوویەوە**
**لەنێوان تۆفانا هاوپەیمان لەگەڵ بەلەم ڕانا**
**خۆ بەختەکرانە لەگەڵ بەلەم ڕانا**
**هەر دەبێ بگوزەریم**
**ئاخر من نیوەشەوان هاوبیر و باوەڕی یارم**
**لە پۆپەی چیاکاندا ئاگر هەڵدەگیرسێنم**
**سەفەرکردووی شەوی تارم**
**دەڕۆم بە بزنەڕێی پڕ ئازارم**
**ئەی کچە جوانەکەی وەک گوڵم**
**ئەی بەرۆک تەڕبووی فرمێسکی چاو**
**کچە نازدارەکەم مێوانی تۆم من ئەمشەو**
**هاودەمی من بە ئەمشەو**
**بە ماچی دوو لێوت خۆم دەلاوێنمە، من**
**ئەمشەو**
**کچە جوانەکەم تیشکی ئاوڕدانەوەت**
**چاوە بێ تاوانەکەت**
**ئەمشەوی منی ڕۆشن کردەوە**
**وا بەرەبەیانەوە ئەستێرەکان کوژانەوە**
**ئێمەیش فریشتە ئاسا وا خەو دەمانباتەوە**
**بە دوا ئاوڕی جوانی و ئاوڕی بێ تاوانی**
**دوا سروودی هۆنایەوە**
**دوای ئەمە خۆم ناوەتەوە بۆ بیروباوەڕێکی تر**
**خولیام پڕە لە عیشقی بۆچوون و ئاوڕێکی تر**
**بەرەبەیانێکی ڕۆشن کەوتووەتە خولیامەوە**
**یا مەرگ، یا ئازادی، ئیدی ناڵێم چیرۆکێک**
**بووم و بڕامەوە.**

# گرنگیی سەرکردایەتیی پەروەردەیی

دانا شوانی

**یەکێک لە کۆمەڵناسە پەروەردەییەکان بە ناوی وایلز پێی وایە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیی پەروەردەیی بە هاوواتای ئاسانکاری دێت و دەڵێت "سەرکردایەتی پەروەردەیی بریتییە لە بایەخدان بە هاوکاری و یارمەتیدان بۆ باشترکردنی کاری پەروەردەیی و هەر کردارێک کە بتوانێت مامۆستا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە ببات". بە بۆچوونی ئێمە بەڕێوەبەری پەروەردەیی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە هەموو هێزە مرۆیی و ماددییەکان سوودوەرگرتن لە لێهاتوویی گشتی و تەکنیکی و هونەری و بە دابینکردنی پاڵنەر و بوارەکانی گەشەکردن، بە هەمان ئاکی لۆژیکی ڕێک دەخات و پێداویستییەکان و مامۆستا و قوتابی و ستاف دەتوانن لە ڕووی کولتووری و پەروەردەییەوە بگەنە ئامانجەکانی پەروەردە. لەو پێناسەیەی سەرەوەدا دەتوانین سێ تایبەتمەندیی گرنگ هەڵبهێنجێنین کە ئەمانەن:**


یەکەم/ سەرکردایەتی پەروەردەیی حاڵەتێکی گشتی و تەواوی هەیە، مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە بەڕێوەبردن زۆر پێکهاتە و توخمی هەیە کە کۆمەڵەیەکی تەواو پێک دێنن و کەس ناتوانێ لە دۆخی ئەبستراکتی بەڕێوەبردندا یەک یان کۆمەڵێک ئەرک بەجیا لەبەرچاو بگرێت.

دووەم/ تا سیستمی پەروەردە و سیستمی قوتابخانە بوونی هەبێت، ئەرکەکانی بەڕێوەبردنیش بەردەوامە. کاری بەڕێوەبردن بۆ یەکجار نییە. بەڕێوەبەر هەمیشە پلاندانان و بڕیاردان و کۆنترۆڵکردن و ئەنجامدانی ئەرکەکانی تری لەئەستۆیە.

سێیەم/ بەڕێوەبردن، دینامیک و زیندووە. زیندوویی بەڕێوەبردن بەو مانایەیە کە بەڕێوەبردن دۆخێکی جێگیر و ئیستاتیکی نییە، بەڵکو گۆڕاو و چالاکە، کە لە پێوەندی لەگەڵ شوێنکاتدا هەمان حاڵەت و جێگیری نییە، پرسەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت و حوکمدان و بڕیاردان لەبارەیانەوە فۆرمێکی جیاوازیش وەردەگرێت.

لە ڕوانگەی بەڕێوەبردنەوە باشترین جۆری بەڕێوەبردنی پەروەردەیی ئەو بەڕێوەبردنەیە کە سەرکردایەتی لەگەڵدایە، چ لە ڕاهێنانی ڕووبەڕوو و چ لە ڕاهێنانی ئەلیکترۆنییدا. بە واتایەکی باشتر، بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بۆ کەسێک دیاری دەکرێت کە جگە لە پشتیوانی فەرمی و یاسایی، پشتیوانی تاکەکانیشی هەبێت. لە وەڵامی پرسیارەکانی وەک "پێناسەی بەڕێوەبردن چییە" یان "پەروەردە چییە"، هەمیشە ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردن پێویستن بۆ یەکتر لە سیستەمی پەروەردەدا و پشتگوێخستنی هەریەکەیان کارایی و کاریگەریی ئەو کەسەی کە بەرپرسیارە کەمدەکاتەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەری پەروەردەیی فرە و هەمەچەشنن بەڵام دەتوانین بڵێین کە بەڕێوبەری باش کەسێکە ڕێبەرایەتی و ئاراستەی ناوەندە پەروەردەییەکە دەکات ئەمەش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی کە بریتییە لە دابینکردنی یەکێک لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، بە بەکارهێنانی سەرچاوەی مرۆیی و ماددی دروست و ئەقڵانی و لۆژیکی، کەواتە، جگە لە شارەزایی تەواو لەسەر زانستی بەڕێوەبردن و بنەما و تیۆرییەکانی، دەبێت بەڕێوەبەرانی پەروەردە هەلومەرج و تایبەتمەندییان هەبێت، کە گرنگترینیان بریتیین لە هەبوونی توانای تەکنیکی و مرۆیی و تێگەیشتنی بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی هۆشیارانە و زانستیانەی هەبێت بەرامبەر بە کارەکانی وەک بەڕێوەبەری پەروەردەیی و شێواز و تەکنیکە گشتییەکانی فێرکردن بە باشی بزانێت. وێڕای ئەوەش، هەبوونی تەندروستی جەستەیی و دەروونی و کەسایەتییەکی کامڵ و ناسینی سیستەمی پەروەردەیی وڵاتەکە بەباشی و ئاگاداری مێژوو و پێشهاتەکانی بێت و ئاگاداری فەلسەفە و بەها و مەبەست و ئامانجە گشتیەکانی پەروەردەیی بێت و ئاشنای ئایدیا و تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی بێت و بەپێی پێداویستی ژینگەی کارەکەی جێبەجێیان بکات. لە لایەکی تر، پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندێکی پەرورەدەیی ئاگاداری بەرپرسیارێتی و ئەرکە فرەڕەهەندەکانی پەروەردەیی و ڕێنمایی و کولتووری و کۆمەڵایەتی بێت، بەلایەنی کەمەوە شەش ساڵ ئەزموونی وانەوتنەوە و کارگێڕیی پەروەردەیی هەبێت. وێڕای هەبوونی شارەزایی تەواو لە بواری زانستە پەروەردەییەکان و کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا هەبێت و بتوانێت ڕێنمایی مامۆستایان و فەرمانبەران و سەرچاوە مرۆییەکان بەگشتی بکات. هەروەها تێگەیشتن لە پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵگە و پشتگوێی نەخات بەتایبەت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێی سپێردراوە.



# محەمەد عارف؛ ئەو هونەرمەندەی خۆی لە ڕیالیزم و ڕۆمانتیزمدا چڕ کردەوە

**محەمەد عـــارف، هونەرمەند و کەڵە شـێوەکارێکی کوردە، ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی ڕەواندوز لەدایک بووە، نووســـەر و وەرگێڕی چەندیـن کتێبی بواری شـێوەکاری بووە لـــە زمانی ڕووســییەوە بۆ زمانی کوردی؛ دوایین کتێبی گرافیکەکانی کوردســـتان کە لە دوای کۆچکردنـــی چاپ کراوە، لە ٢٠٠٩/١٠/٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.**

لە ســـاڵی ١٩٥٦ بڕوانامـــەی دیبلۆم لـــە هونەری شـــێوەکاری لە پەیمانگای هونـــەرە جوانەکانی بەغدا وەرگرتووە، لە دوایی دەچێتە وڵاتی ڕووسیا بۆ پەرەپێدان بە خوێندن لە بواری شـــێوەکاری بڕوانامەی ماستەر لە ســـاڵی ١٩٦٧ وەردەگرێت لە زانکۆی (ســـوریکۆڤ)ی مۆســـکۆ. لە ٢٠٠٤ دامەزرێنەر و ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی ســـەلاحەدین هەولێر بووە کە خۆی لە چوار بەش دەگرێتەوە مۆســـیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما، تا ساڵی ٢٠٠٩، هەر لەوێش بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلســـەفەی هونەر وەردەگرێت. مامۆستای هونەری وێنەکێشان بووە لە بەغدا و سعوودیە و بابل و زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

شێوازی کاری وێنەکێشـــی محەمەد عارف خۆی لە ڕیالیک، ڕۆمانتیک، ســـیمبولیک، ئێکسپریسیۆنیک چڕ کردبوو، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خوێندنی لە مۆسکۆ، کە ئەوکات لە وڵاتەکانی یەکێتیی سۆڤیەت ئەم شێوازە باو بووە، بەڵام محەمەد عارف توانیی ئەم شێوازە بۆ خزمەتکردنی هونەرەکەی و برسی گەلەکەی دابڕێژێت ئەویش بە وێنەکێشانی چەندین تابلۆی لەسەر پرسی کورد و کەسایەتیە کوردیەکان وەک سەلاحەدینی ئەیووبـــی و مـــەم و زین و شـــیرین و فەرهاد و دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دمدم و لە چاوەڕوانی شەودا و ئاشتی بۆ کوردستان و چەندینی تر.

لـــە کارەکانیشـــیدا گرنگیەکـــی زۆر بـــە لایەنـــە مێژووییەکان دەدا وەک لە لایەنە تەکنیکیەکان.

ژیان

محەمەد عارف هەر لە کاتی خوێندنەکەیدا لە مۆسکۆ ژنێکـــی ڕووس دەخوازێت و کچێکی لێ دەبێت بە ناوی ڤیـــان؛ ســـاڵی ١٩٦٩ دوای کۆتاییهاتنی خوێندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا؛ ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا ئافرەتێک دەناسێت بە ناوی یاســـەمین بەرزنجی خۆشی دەوێت و هەر هەمان ســـاڵ ژیانـــی لەگەڵ پێک دێنێت؛ لەگەڵ یاســـەمین بەرزنجیدا ســـێ کوڕیان دەبێت؛ ســـامان، ئالان و میـــران. خێزانی محەمەد عارف هەردەم لەگەڵ هونەرەکـــەی پەروەردە بوون و هەردەم یاریدەری بوون لە گشت پێشانگاکاندا، هەر لە بەغدا لە ناوماڵەکەیدا، ژووری وێنەکێشانی دامەزراند و، لە دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێـــر، گەلەرییەکی دامەزراند تایبەت بە هونەرەکەی و، وەک ستۆدیۆیەک کارە هونەرییەکانی لەوێ جێبەجێ دەکا و نمایشی دەکرد، کە نزیک ماڵەکەی بوو لە شاری هەولێـــر. محەمەد عارف لە کاتـــی کارکردنی هونەریدا زۆر خولیای مۆســـیقای کلاسیک بووە، وەک مۆسیقای چایکۆفسکی و مۆزارت و لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن.

**نووسینی کتێب و بڵاوکراوەکان**

١. گرافیکەکانی کوردســـتان گرافیک ٢٨٢ بە زمانی کوردی ٢٠٠٨.
٢. گرافیکەکانی کوردستان بە زمانی کوردی ٢٠٠٩.
٣. کتێبێک لە سەر شاری هەولێر بە زمانی کوردی.
٤. چوار هونەرمەندی بلیمەت بە زمانی کوردی.
٥. هونەری هێڵکاری لاوانی ناوچەی کوردســـتان بە زمانی کوردی.
٦. هونـــەری هێڵکاری چاپی دووهەم بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر بە زمانی کوردی.
٧. (الفنان محمد عارف) بە زمانی عەرەبی.
٨. هونەرمەند محەمەد عارف بە زمانی کوردی.
٩. (فن الرسم اليدوی) بە زمانی عەرەبی.
١٠. لەگەڵ شاکارە نەمرەکاندا بە زمانی کوردی.
١١. (جماليات الطبيعة فی كوردستان العراق و اثرها فی الرسم العراقی المعاصر) ٢٠٠٦ بە زمانی عەرەبی.
١٢. (ئینگر)
١٣. (الگرافيک الكردستانی) ٦٥٠ گرافیک بە زمانی عەرەبی.
(فن التخطيط) بە زمانی عەرەبی.

**وەرگێڕانی کتێب**

١. مایکڵ ئەنجیلۆ بە زمانی کوردی.
٢. ڕۆبنس نووسینی (سمۆلسکایا) بە زمانی کوردی.
٣. کۆلفیچ بە زمانی کوردی.
٤. دیلاکروا بە زمانی کوردی.
٥. لە هونەرمەندە بلیمەتەکانی جیهان (جۆرجۆنی، داینێگا، لێناین بە زمانی کوردی.
٦. د. (باگدانۆڤ) هونەری هاوچەرخی عێراق.
٧. (میلیە) نووسینی (بریۆزینا) بە زمانی کوردی.
٨. بنکەکانـــی هونـــەری ئەکادیمـــی، نووســـینی (ڕۆستۆڤچیڤ) بە زمانی کوردی.
٩. (الفن العراقی المعاصر) نووسینی د. (بەگدانۆڤ) بە زمانی عەرەبی.
١٠. (مبادئ الفن الأكاديمی) نووســـینی (ڕۆستۆڤ ڤیچیڤ) ١٩٩٤، بە زمانی عەرەبی.

**پێشانگای هونەری تایبەتی**

١٩٦١- ١٩٦٧ سێ پێشانگای لە یەکێتی سۆڤیەت.
١٩٧١ مۆزەخانەی نیشـــتیمانی بۆ هونەری سەردەم لە بەغدا.
١٩٧٦ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەغدا.
١٩٧٧ پێشانگا لە هەولێر.
١٩٧٩ مۆزەخانەی نیشـــتیمانی بۆ هونەری سەردەم بەغدا.
١٩٨١ چەنـــد ڕوانگەیەک لەســـەر جیهـــان کاری (١٩٦١-١٩٨١) هۆڵی ڕوواق بەغدا.
١٩٨٤ کاری (١٩٦١-١٩٨٤) مۆزەخانەی نیشتیمانی بۆ هونەری سەردەم بەغدا.
١٩٨٩ سیمفۆنیای چیاکان لە هۆڵی ڕوواق بەغدا.
١٩٩٣ سیمفۆنیای هونەر لە هۆڵی میدیا هەولێر.
١٩٩٨ عاشقی کوردستان لە هۆڵی میدیا هەولێر.
١٩٩٩ کوردســـتانیم مـــن هۆڵـــی مۆزەخانـــەی سلێمانی.
٢٠٠١ گەڕاندنـــەوە مۆزەخانـــەی نیشـــتمانی بۆ هونەری سەردەم بەغدا.
٢٠١١ لـــە یـــادی کۆچی دوایی دوو پێشـــانگا لە هەولێر و سلێمانی.

**مامۆستای هونەر**

١٩٥٦ تا ١٩٦١ لە قوتابخانەی ئەیوبیە لە هەولێر.
١٩٦٧ تـــا ١٩٦٨ وەک چاودێرێکـــی هونەری لە سعودیە.
١٩٦٨ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا.
١٩٧٥ تـــا ١٩٧٧: لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا.
١٩٧٧/٦/١٩ لە پەیمانگای جێبەجێکردن (معهد التطبيقي) بەغدا.
١٩٨٣/٦/٢١ خانەنشـــین بوو لەســـەر داواکاری خۆی لە بەغدا.
١٩٩٢/١١/٢ دووبارە دادەمەزرێتەوە بە مامۆستای هونەر لە کۆلێژی ئاداب لە هەولێر.

هەروەهـــا لە کۆلێژی ئەندازیاری لە هەولێر وانەی (FREE HAND) دەگوتەوە.

ســـاڵی ٢٠٠٢ بـــە فەرمـــی وەک ڕاگـــر دامەزرا بـــۆ جێبەجێکردنـــی دامەزراندنی کۆلێـــژی هونەرە جوانەکانی هەولێر لە زانکۆی سەلاحەدین.

٢٠٠٧: دەستی لە ڕاگری کێشایەوە.

٢٠٠٧ تـــا ٢٠٠٩ مامۆســـتای کۆلێـــژی هونـــەرە جوانەکان و مامۆستای ئاستی ماستەرایەتی بوو لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر.

**شیڤان شێرزاد - هەولێر**
shevan1986@gmail.com 0750 798 0600

# لە هەولێر شانۆگەریی هاواری حەوا نمایش کرا

لـــە چوارچێـــوەی چالاکییەکانیـــدا بەڕێوەبەرایەتـــی چالاکیـــی قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردســـتان، شانۆگەرییەکی نوێی بە ناونیشانی (هاواری حەوا) بـــە ئامادەبوونی (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشـــتی ڕۆشـــنبیری و هونەری هەولێر و (دلێر عەبدوڵا حەسەن) بەڕێوەبەری پـــەروەردەی ناوەندی هەولێـــر و (ئەحمەد گەرمیانی) ســـەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان و (هوشـــیار واحید مەرجـــان) بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان نمایش کرا.

شـــانۆگەرییەکە لـــە نواندنـــی قوتابیـــە بەهرەمەندەکانـــی ئامادەیی (خەجە باوە) و دەرهێنانی (دانا عەبدولواحید بۆتانی) بوو.

ناوەڕۆکەکـــەی گێڕانەوەی ســـەربوردەی گرفتێکـــی کۆمەڵایەتیـــی باو بـــوو لە نێو ئافرەتانی کورددا، جگـــە لە قوربانییەکانی ژنـــان لـــە نێـــو کۆمەڵگـــەدا، هـــاوکات جەختکردنەوە بـــوو لە زەحمەتی و چەمکی ژنبووندا.

دانـــا بۆتانی دەرهێنەری شـــانۆگەرییەکە سەبارەت بە شـــانۆگەرییەکەی بۆ (هەولێر) گوتـــی: بیرۆکـــەی نمایشـــکردنی ئـــەو شـــانۆگەرییە و کارکردن و هەڵبژاردنی ئەو کچـــە بەهرەمەندە قوتابیانـــە خۆم کەڵاڵەم کردبـــوو، بـــۆ ئـــەوەی بتوانین لـــە ڕێگەی پـــەروەردە و زیاتر برەو بـــە بواری هونەری نواندن و شانۆ بدەین، هاوکات ئافرەتی نوێ بێنینە پێشـــەوە بۆ شـــانۆی کوردی و ئەو کۆت و بەندانە بشـــکێنین، کە کچانی کورد خۆیان لە شـــانۆ و فیلم بـــەدوور دەگرن و هەوڵ نـــادەن تواناییەکانیان بخەنە خزمەت بزووتنەوەی هونەری کوردی.

**شیڤان شێرزاد - هەولێر**
shevan1986@gmail.com 0750 798 0600



# ئاگری بێ دووکەڵ

**حەمەسەعید حەسەن**





**تۆنی مۆریسۆن**

تۆنی مۆریسۆن (١٩٣١- ٢٠١٩) ڕۆماننووسی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک ئەفریکایی، لەدایکبووی شاری لۆراینی هەرێمی ئۆهایۆ، یەکەمین خاتوونە نووسەری ڕەشپێستە، نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرتبێت. پێش ئەوەی لەسەر تەواوی کارەکانی ١٩٩٣ نۆبڵ وەربگرێت، ١٩٨٨ لەسەر ڕۆمانی (خۆشەویست) خەڵاتی پۆڵتیزەری وەرگرتبوو. لە (خۆشەویست)دا کە سێ ساڵ بیری لێ کردبووەوە، ئینجا دەستی بە نووسینی کردبوو، دایکێکی ڕەشپێست هەوڵی سەربڕینی کچەکەی دەدات، بۆ ئەوەی لە تاڵاوی ژیانی کۆیلایەتی قوتاری بکات. لە ڕوانگەی ڕەخنەگران و خوێنەرانیشەوە، ئەو ڕۆمانە کە فیلمێکیشی لێ چێ کرا و ئۆپرا وینفری ڕۆڵی تێدا گێڕا، شاکاری بوو. تۆنی مۆریسۆن بۆچی دەنووسێت؟ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی ئەو ستەمەی لە ڕەشپێستان دەکرێت.

یازدە ڕۆمانی بڵاو بووەتەوە، (شینترین چاو) یەکەمینیانە، تێیدا لەڕێی کچێکی ڕەشپێستەوە کە خەو بەوەوە دەبینێت ببێت بە خاوەنی پێستی سپی و چاوی شین، باسی کۆیلایەتی و کاریگەرییە دەروونییەکانی دەکات. سولا، گۆرانییەکانی سۆلۆمۆن و جاز، سێیانی دیکەن لە ڕۆمانەکانی. ئەگەر حەز دەکەیت کتێبێک بخوێنیتەوە هێشتا نەنووسرابێت، دەبێت ئەو کتێبە خۆت بینووسیت، شینترین چاو ئەو کتێبە بوو تۆنی مۆریسۆن بۆ ئەوەی نووسی خۆی بیخوێنێتەوە، بەڵام میلیۆنان کەسی تریش خوێندیانەوە. تۆنی مۆریسۆن بە جین ئۆستن و تۆلستۆی سەرسام دەبێت، لە زانکۆ ئەدەب دەخوێنێت، یەکەمین نامەی لەبارەی خۆکوژییەوە دەبێت، لە ئەدەبی ڤیرجینیا وۆڵف و ولیەم فۆکنەردا. ئەوەیش جێی سەرنجە ئەوێکی خاوەنی ویستێکی بەهێز و شەیدای بەرەنگاربوونەوە، بابەتی خۆکوژیی هەڵبژاردبوو.

کە باراک ئۆباما دەبێت بە سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: "یەکەم جارمە هەست دەکەم ئەمریکاییم." کە ٢٠١٥ پۆلیس لە پشتەوە تەقە لە سێ ڕەشپێستی بێ چەک دەکەن، دەڵێت: "پێویستمان بەوەیە دیالۆگ لەبارەی ڕەگەزەوە بکەین، بۆچی قەت پۆلیس لە پشتەوە تەقەی لە سپیپێستێک نەکردووە! بۆچی سپیپێست تۆمەتبار ناکرێت بەوەی بە زۆر لاقەی ژنێکی ڕەشپێستی کردووە!" ئەمریکاییەکان بۆچی (ترەمپ)یان هەڵبژارد کە ڕێکخراوی (کوو کلوکس کلان)ی نازیستی لە پشت بوو؟ بۆ ئەوەی هەر سپی سەروەر بێت.

ئەو ساڵانەی تۆنی مۆریسۆن لە وەشانخانەی بەناوبانگی ڕاندۆم هاوس کار دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ بۆ برەودان بە ئەدەبی ڕەشپێستان دەبینێت. هەر ئەو سەروەختە ئەنتۆلۆجیایەکی فراوانی دەربارەی ئەدەبی ئەفرۆئەمریکایی ئامادە کرد و بۆکسەوانی بەناوبانگ محەممەد عەلی کلای و تێکۆشەری گەورە ئەنجیلا دیڤیزیشی هان دا، بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە. بە هەق داهێنەری ئەدەبی ڕەشپێستان بوو، ئەدەبێکی باڵای دژەڕەگەزپەرستی، ئەدەبێک هاوزەمان (واقیعی) و (سیحری)یش بوو. تۆنی مۆریسۆن وەک ژنێکی ڕەش دەینووسی، ئاخر هەم وەک ژن و هەم وەک ڕەشپێستیش بە گژ چەوساندنەوەدا دەچووەوە.

تۆنی مۆریسۆن دەڵێت: "وەختمان نییە بۆ نائومێدی، جێمان نییە بۆ خەم و خەفەت و بوارمان نییە بۆ ترس. ئێمە دەپەیڤین و دەنووسین و ئازادانە بیرورای خۆمان دەردەبڕین، بەو جۆرە شارستانییەکان ئاوێزانی یەکدی دەبن." تێمای سەرەکیی ڕۆمانی تۆنی مۆریسۆن، کۆشش و خەباتی خەڵکانی ڕەشپێستە بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆیان، وەک خود و وەک کولتوور، لە جڤاکێکدا نە دادپەروەریی تێدا ڕەچاو دەکرێت، نە یەکسانی. تۆنی مۆریسۆن ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنی سایکۆلۆجیی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئەفریکاییەکان کە هێشتا لە کاریگەریی تراومای کۆیلایەتی قوتاریان نەبووە.

بە خەیاڵدانێکی دەوڵەمەندەوە، بە دەربڕینی بەهێز، وێنەی واقیع دەکێشێت و بە سی و نۆ ساڵی، یەکەمین ڕۆمانی خۆی: شینترین چاو، بڵاو دەکاتەوە، ئەوێک کە لە تافی لاویدا، چونکە پێستی ڕەش بوو، لێ نەدەگەڕان بچێتە زۆر شوێن، لە فراوانترین دەرگەیەوە، ناوی دەچێتە مێژووەوە. ئەوەندە جوان و شیرین دەنووسێت، کە باسێکی نائاسایی دەورووژێنیت، خوێنەر وەک ئاسایی وەری دەگرێت و باوەڕی پێ دەکات. لە گۆشەی جیاوازەوە سەرنجی ڕووداوەکان دەدات و پشت بە تەکنیکی نامۆبوون دەبەستێت، بەو مانایەی لە شانۆدا بەگەڕ دەخرێت، بۆ ئەوەی کۆمەکی خوێنەر بکات، بابەتییانە سەرنج بدات و خۆی لێ نەبێت بە یەکێک لە کارەکتەرەکان.

تۆنی مۆریسۆن پێمان دەڵێت: ڕەشپێست تەنیا لەسەر کاغەز لەگەڵ سپیپێستدا یەکسانە، بەڵام لە واقیعدا هەمان مافی سپیپێستی نییە و گیرۆدەی دەستی ستەمی کۆمەڵایەتی و جیاکاریی ڕەگەزییە. زیندانەکان کە کەرتی تایبەت بەڕێوەیان دەبات، پڕن لە ڕەشپێست و نائینسانیترین مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هێشتا ئەمریکا لەبن هەژموونی میراتی ستەمی کۆیلایەتی قوتاری نەبووە، بەدەر لەو هەلومەرجەی بۆ نوخبەیەکی ڕەشپیست ڕەخساوە، هێشتا زنجییەکان بەگشتی، لەسایەی سیستەمی کۆیلایەتییەکی ئارایشتکراو یان پۆستکۆیلایەتیدا ژیان بەسەر دەبەن.



# پۆستەری "دەروازەی خەونەکان" لە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیدا نمایش دەکرێت

**پۆستەرە ئینگلیزییەکەی بەڵگەفیلمی "دەروازەی خەونەکان" لە دەرهێنانی "نگین ئەحمەدی" و لە بەرهەمهێنانی "ئیلاهە نەوبەخت" هاوکات لەگەڵ بەشداری لە بەشی ڕکابەریی "نەوەکان"ـی حەفتاوسێهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلین" لە وڵاتی ئەڵمانیا پەردەی لەسەر لا درا.**

بەڵگەفیلمی "دەروازەی خەونەکان" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "نگین ئەحمەدی" و لە بەرهەمهێنانی خاتوو "ئیلاهە نەوبەخت" لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی "نەوەکان" Generations لە حەفتاوسێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلینالە" Berlinale لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایش دەکرێت و بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئەم بەشە، لەگەڵ بەرهەمی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ڕکابەری دەکات.

پۆستەرە ئینگلیزییەکەی "دەروازەی خەونەکان" بە وێنەیەک لە کچانی کورد نیشان دەدات لە خەبات دژی تاقمە تیرۆریستیەکەی داعش؛ لە لایەن "ئیحسان بەرئابادی" بۆ بەرلین دیزاین و داڕشتنی بۆ کراوە.

ئەم فیلمە کە بەرهەمهێنانەکەی زیاتر لە شەش ساڵی کات خایاندووە، چیرۆکی کچێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بینەر دەگێڕێتەوە کە لە ڕێگەی کامێراکەیەوە بە دوای بەشێک لە شوناسی خۆیدا دەگەڕێت.

ئەمە سێیەمین ئامادەبوونی "ئیلاهە نەوبەخت" وەکو بەرهەمهێنەر لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلین" دێتە ئەژمار؛ ساڵی پاریش ئەو بە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی "ڕۆژی سێو" لە "بەرلین" ئامادە بوو.

ستافی ئامادەکردنی بەڵگەفیلمی سینەمایی "دەروازەی خەونەکان" بریتین لە: دەرهێنەر: نگین ئەحمەدی، بەرهەمهێنەر: ئیلاهە نەوبەخت، وێنەگر: نگین ئەحمەدی، مۆنتاژ: لوقمان سوخەنوەر، نووسەران: نگین ئەحمەدی، فەرزانە فەتحی، مۆسیقا: حوسێن میرزاقولی، دەنگهەڵگر: بەهنیا یوسفی، چاککردنی ڕەنگ و لابراتوار.

حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بەرلین" بە بەرپرسیارەتیی خاتوو "ماریتێ ریسێنبێک" لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢٦ـی فێبرایەری ٢٠٢٣ لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت

**ئاریان دەرگەڵەیی - هەولێر**

aryanhawler@yahoo.com 07504460472

خاوەن ئیمتیاز
ئاریان فەرەج

سەرنووسەر
هاودەنگ فارووق

بەڕێوەبەری تەکنیک و دیزاین
چالاک مەلائەحمەد
chalak_ahmad@yahoo.com

بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی
بەختیار هەمەوەندی
bakhtyarhamawandy86@gmail.com

دابەشکردن
کۆمپانیای تەتەر
٠٧٥٠٤٨٤٠٦٤٨

ریکلام
hawler_reklam@yahoo.com
٠٧٥٠٢١٦١٦٦١ - ٠٧٥٠٢١٧١٧٧١

یەکەم ژمارەی لە (١٩٥٠)دا دەرکراوە

بۆ پێوەندیکردن:
٠٧٥٠٢١٨٠٨٠٨

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکیی مەسیف سەلاحەدین- بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە